MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

PDF4Kurd

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# تووڕەبوونی ئاسمان

## کورتە چیرۆک

## رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی

# تووڕەبوونی ئاسمان

## کورتە چیرۆک



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**تووڕەبوونی ئاسمان** (کورتە چیرۆک)

- **نووسەر:** رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **پیتچنین:** عەبدولڕەحمان دلاوەر
- **ژمارەی سپاردن:** ٢٦٧٧
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠٠٨
- **تیراژ:** ٧٥٠دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٤٦)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## پێشکەشە بە:

- گلێنە
- گۆنا
- شاد
- سەدرەدین
- ئایات

(نووسەر)



## ناوەرۆک


ئالاّ ١
شەوی مەرگ ٩
بێزاری ١٩
دەنگۆ ٢٥
خۆرئاوابوون ٣١
شەیتان ٣٥
لەپگو ٤٣
تووڕەبوونی ئاسمان ٥١
خەوی پاش مەرگ ٥٩
**کورتیلە چیرۆك** ٦٧
خەوی شەوێك ٦٩
سیما ٧٣
خەم ٧٧
پارێز ٧٧
کانی ٨١
دڕك ٨١
دەردەدڵ ٨٥
(!) ٨٥
پێشمەرگە ٨٩
سەرپەل ٨٩

ب. پ ٩٣
دیل ٩٣
بیسمیلا ٩٣
زام ٩٧
یەك ٩٧
حاکم ١٠١
گوند ١٠١
دایك ١٠٥
باوك ١٠٥
(دار) لە (٢١) کورتیلە چیرۆکدا ١٠٩
تەزبێح ١١٥
زیندەخەون ١١٩
ئەودنیا ١٢٣
ماچ ١٢٣
مردن ١٢٣
نە ١٢٧
ژن ١٢٧
خونچە ١٢٧
کۆتر ١٣١
هیوا ١٣١
بەسەرهات ١٣١



دایك ١٣٥
ئاوێنە ١٣٥
لافاو ١٣٩
مێ ١٤٣
نێر ١٤٧
**فیلم:** خۆری دەم کەل ١٥١

# أولاً

ئامێرەکانی ئۆتۆبیسەکە بە هۆی دووری ڕێگاکەو گرانی نێو هەناوی هیلاکتر و ئالۆز و گەرم داهاتنی پێوە دیاربوو، سەرنشینەکانیش بێتاقەت بەسەر کوشینە چەرمەکانەوە سڕبببوون، گەلێکیان جار جارە خۆیان بەسەر کوشینەکانەوە بەرزدەکردەوە تا تۆزێ سڕیەکەی هەردوو سمتیانو رانەکان کەم بکەنەوە... وردە وردە حەز و ئارەزوویان بۆ پشوویەك و هەندێکیشیان بۆ دامرکاندنەوەی قۆڕەی سکیانو هەندێکیکەشیان بۆ خۆ بەتاڵکردن لە هەمان ئارەزوودا لەگەڵ ئۆتۆبیسەکە یەکیان دەگرتەوە.

پێشەوەی ئۆتۆبیسەکە بەم شێوەیەی ئێستای واقیتو قۆز بەسەر تایەکانییەوە بێت هەر پارچەیەکی لە ئاسن و چەرم و باغەو لاستیکەکانیو... و لە شوێنێك یا لە شارێكو یا لە ولاتێکەوە وەکو کەرستە بە کارگە گەیشتبوونو بە دەستی کەسانێکی کارمەند بەم ئەنجامەو بەم شێوەیەیان گەیاندبوو کە قیتو قۆز و ڕێك بە شەقامەکاندا بڕوات.

سەرنشینەکانیش هەریەکەیان لە ماڵێك و ماڵەکانیشیان لە کوچەو کۆلانێك و کوچەکانیش لەم شار و ئەوشار و دێهاتەکان بۆ مەبەستێكو مەبەستەکەش کە لە ناو دڵیاندا ببووە مراز و خواستێك کە پێی بگەن و دڵیان لە پەنایدا دەروێشانە ساکین و ئارام بێت، بە پارەی گیرفانیان بە کوشینەکانی چەرمینی نێو ئۆتۆبیسەکەی گەیاندبوون.

ئۆتۆبیسەکە لە دووری چەند کیلۆمەترێکەوە بۆنی گاز و ئاو بە رادێتەرو نۆزلەکان گەیشتبوو، لە بەردەم چێشتخانەیەك ئامێرەکەی هێواش کرایەوە و لە سەرخۆ بۆ خۆفێنك کردنەوە هەناسەی دەدا، خزمەتچییەکی چێشتخانەکە بە ئازایی و مەردانە بە سۆندەو پەرۆی دەستییەوە بەهانایەوە چوو، ئامێرەکان و بۆدی ئۆتۆبیسەکە باڵی ئیسراحەتیان لێکرا کێشایەوە، لە کونێکی تەنیشتیشییەوە سۆندەیان تێخستوو گازیان بەرەو گەدەی هەڵدا، چەند قرقێنەیەکی تێری بەرووی گازتێکەرەکە تەقاندەوە. سەرنشینەکانیش هەربا بوو بە گۆدە گۆد دەتوت هەندێکیان قۆڕبوون خراپ دادەبەزینو ڕێیان دەکرد، ئاوڕیان لە ئالاَیەکە دەدایەوە، کە بەبچمی ئۆتۆبیسەکە بە چاکی بەسترابوو، هی وا هەبوو لەگەڵ ئاوڕدانەوەو تەماشا کردنەکەیدا لە دڵەوە بە ئالاَکەی دەوت ((هێندەمان نەماوە بەیەکەوە بەنیشتمان شادببینەوە)).



سەرنشینەکان دوان دوان و سییان سییان یا پتر دەوری مێزەکانیان گرت. بۆن و بەرامی چێشت لیکی دەمیانی دەهێنایە خوارێ. هەندێکیان بە تەواوەتی جەسارەتیان نەدەکرد بە خواستی حەزی گەدەیان داوای خواردن بکەن، چونکە زۆربەیان لەو گەشتەیان بۆ ماڵی خوا بنی گیرفانیان هەڵتەکاندبوو، هەندێکیشیان لەبەر قرچۆکی پارەی چاکیشیان پێمابوو وەلێ دانەدەڕسانە خواردنی چاك، ناوی خواردنە هەرزانەکان خۆشتر بە سەرزمانیاندا دادەهات، تێیاندابوو دەیوت ((پیاو، هێندەمان نەماوە بگەینەوە ماڵ و مەفتەن لەوێ سكو گەدەمان خواردەپەست دەکەین)) هیواشیان تێدابوو دەیوت ((بەم خواردنانە سکم دەچێتو بەرێگاوە بە قەبات دەچم)). چەندانێکیان نەبێت خەمی سكو بەرسکیان بوو دەیانوت ((باجۆینو بەهێزبینو تینو توانا بگەڕێتەوە جەستەمان تا لە شەوەکانی ماڵەوەدا ئازایەتی بەدەربێخین، خواش مرۆی چاوتێر و ئازای خۆشدەوێت)).

تەقەی قاپ و کەوچك لە سەرمێزەکان لە ناو هۆڵەکەدا دەبیسترا... خێرا... خێرا بەردەستەکانی چێشتخانەکە بەپێی داوا خواردنیان دەخستە سەرمێزەکان.

❊❊❊

(العراق- اربیل) کە لە سەر پارچە پلێتێك نووسرابوو بە دواوەی ئۆتۆبیسەکەو لە بەشی خوارەوەیدا چەسپ و بەندکرابوو سەرنج و بیرو هۆشی کابرای راکێشاو خورپەیەکیشی لەدڵیەوە هەستاند، وەکو سەردەمی منداڵی پەنجەکانی دەستی بە بۆدی ئۆتۆبیسەکە داهێنا، وەکو بڵێی دەست بەسەر گۆڕی پیاو چاکێك دابهێنێ ئاوهابوو. خۆ لەوەپێشیش لەو ناوانەی بەسەر ماشێنەوە دیتبوو وەلێ نەیزانی ئەو حەزە کتوپڕە چ بوو وا بەسەریدا هاتو وایلێکرد دەستی پێدابخشێنێ، خۆ ئێستا زەلامە، ئەی ئەم رەفتارە منداڵیانەی چ بوو!؟ بەرەو پێشی ئۆتۆبیسەکە دەچوو دەستیشی لە بۆدییەکەیدا دەخشاند، یەکدوو هەنگاوێك لە بچمەکەی بەرەو دەرگای چێشتخانەکە رۆیشتو بەبێ ویستی خۆی ئاوڕێکی لە بچمەکەی دایەوە خورپەیێ لە دڵیەوە هاتو هەناسەی سوار بوو، بەتەواوی وەرسووڕاو رووی تێکرد، رامان و نیگای لەو ئالاَیە گیربوو کە توند بە بچمی ئۆتۆبیسەکەوە قایم کرابوو، زۆر خێرا گەلێ ئالاَ لە سەر شاشەی تۆمارگای مێشکی کۆمپیوتەرانە لێدرا، بۆی ساغ نەبووەو لە هیچیانی نەکرد، ئەو کە سەربازێکی ئالاَی ئەوێبوو وەلێ لەگەڵ ئەو خورپەیەی، کە لەگەڵ یەکەم

بینینی ئالاکە تووش هات دڵی هەواڵێکی پێداو لە ناوەوەیدا کڕنووشی بۆ ئالا تازە نەناسراوەکە برد، بارودۆخی دڵی ئاسایی نەببۆوە بەرەو ناو چێشتخانەکە هەنگاوی نا، هۆڵەکە مۆنجەی دەهات، هەندێك ئاگاداری هاتنە ژوورەوەی بوون هەندێکیشیان لە بەرتیکە بادانو وردو خاشکردنی ئاگایان لە دەوروبەر بڕابوو، وەلیٚ چاوەکانی ئەو بوونە کامێرایەك بە سەریەك بەیەکیانی داگێڕا، هی وای بینی جلەکانی لە جلەکانی خۆی دەچوو هەشیانبوو جلی ئەورووپی پۆشیبوو، تیشکی چاوبینینی تا ئێرە ئاسایی دەڕویشت، لەهیکڕا دڵی داخورپایەوە تریە ترپی نارێك لەدڵیەوە هەڵسا، قسەیەکی باوکی ڕەحمەتی لە گوێیدا زرنگایەوە، کە ماوەیەك بەر لە مردنەکەی گوتبووی ((کوڕم ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەنین، باپیرە گەورەت زەمانە گەیاندبوویە ئێرە بە دوای کەسی خۆتدا بگەڕیٚ ئەمەش وێنەکەیەتی)) ئەمانەی ئەوکاتە بە بیرهاتەوە، کە چەقی ڕوانینی کەوتە سەر کەسانێك کە جل و بەرگەکەیان لە جل و بەرگی باپیرە گەورەی دەکرد، ئەو خەمو مەراقە کە بە میرات لە باوکییەوە بۆی بەجێمابوو لەوێنەکە بترازیٚ هیچ سەرەداوێکی کەی بەدەستەوە نەبوو.

تروسکاییەك لەگەڵ ڕوانینەکەدا خەریك بوو لەو دیو تاریکییەکەوە دەردەکەوت. جل و بەرگی ئەوانەی کە لەجل و بەرگی باپیرە گەورەی دەکرد کلیلێك بوو قفلی سندوقێکی بۆ والاّدەکرد کە دەمێك بوو بە تەمای بوو... ڕۆشناییەکیش بوو لە تاریکییەکی خەست لێی پەیدابووبوو گریٚ کوێرەیەکی بۆ بەرەو خاوبوونەوە دەبرد کە لەکاتی خۆیدا باوکی پێش مردنەکەی بۆ یەکەمین جار درکاندبووی، کە ئەوان بێرە غەریبەن و یەکەمین جاریش بوو وێنەکەی پیشاندابوو.

ڕۆشناییەکە هەمووی لە ماوەی چەند چرکەیەکدا لەلا گەلاڵەبوو، هەر ئەوەندەی بڵێی یەكو دوو تەزوویەکی تر بە ناو چێشتخانەکەدا گەڕا، ئەو خواردنانەی، کە لەسەر مێزەکان بوو هەڵگیرایەوە کە تازەیەکدوو تیکەیان لیٚ بادابوو، واقیان وڕما، چاکترین خواردنو خواردنەوە جێگەیان گرتنەوە هەموو مێزەکان مەلیکانە ڕازاندرایەوەو بە خۆراك ئابلۆوقەیان درا، ئاشی کابرا دەیویست بزانیٚ چ باراشێك لێدەکات، هەرچی هەیبوو دەیویست لەم چرکەیەدا خەرجی بکات تا بە حەجی ئاواتە شاردراوەکەی بگات و خۆی بناسێت و بدۆزێتەوە.



هەر بابابوو سەیری ئەویکەیانی دەکرد، بە حەپەساوی و واق وڕماوی سەریان دەبردە بن گۆی یەکتر..

- من داوای ئەم خواردنەم نەکردبوو...!

- پارەی ئەو خواردنەم لە گیرفاندا نەماوە؟

ئەویش هەرچی سامانیٚ کە باوکی بۆی بەجێشتبوو هەرچییەکیش کە خۆی پەیدایکردبوو ئەگەر لە پێناو ئەو قسەیەی باوکی کە لەوکاتەوە لەسەر دڵی ببووە گریٚ کوێرەیەك ((کوڕم بەدوای خزمی خۆتدا بگەڕی ئێمە لێرە غەریبەین)) لەسەریەك مێزیان خەرجی بکردایە وایدەزانی هێشتاکە هیچی نەچووە. ئەو قسەیەی باوکی دەهاتەوەیادو جل و بەرگەکەی باپیرە گەورەی ناو وێنەکەشی دەهاتەوە پێش چاوو وێکچوونێکی تەواو لە نێوانیاندا بەرجەستە دەبوو. لە دیتنی (العراق- اربیل)ەکەو ئالاکە دڵی خەبەری دابوو ئەم خورپەیەی لە خت و خۆڕایی لەکن دروست نەببوو، لە پڕ سۆزێکی کەسایەتیو خزمایەتی بۆ نانخۆرەکانی دەوروپشتی مێزەکان هاتبووە ئاراوە، دڵی خورپەخورپی بۆ دەکردن.

هەرلایەك و باراشی بە گوێرەی دڵی خۆی لێدەکرد، سەرنشینەکان واقیان وڕمابوو نەیاندەزانی کار لە چیدایەو مەسەلە چییە، دەڵێن لەبەر خاتری گوڵە گەنمێك سەد گوڵەزیوان ئاو دەخواتەوە، کەسانی کەش لە چێشتخانەکە بەر ئەم حاتەمییەکەوتبوونو مەتەڵێکیش بوو بۆیان هەڵنەدەهات و سەریان لەم پێشوازییەو خزمەتکردنە کتوپڕە دەرنەدەکرد. دەبیٚ خاوەن چێشتخانەکە خێری لە خۆی گرتبیٚ!؟...

بڵێی هەستی شەشەمی پێی زانیبیٚ کە زۆربەیان پارەی کەمیان پێماوەو نایانەویٚ خواردنی باش بخۆن ئەویش دەیهەویٚ پیاوەتییەکان لەگەڵدا بکات، یا کەسێکیانی لیٚ ناسیوەو خۆی بە قەرزاری دەزانیٚو تۆڵەی پیاوەتیش لای پیاوان هەر پیاوەتییە، ئەمە ئەو خەیالانەبوو کە ئەو حەلە بە مێشکیان دادەهات. دەست شۆڕاو چای لیبتۆن بەسەر خواردنە چەورەکە فڕکرا.

زۆریان ترسیان لێنیشتبوو، کە ئەمە گێچەڵێك بیٚ پێیان کرابیٚو ئێستا نا ئێستا داوای پۆلیس دەکریٚ و لە بڕی پارەی نانەکەیان کە لەسەر داواشیان نەبووە دەبڕێن و خوا دەزانیٚ سەرەنجامیان بەکویٚ دەگات... دووریش نییە گەڕانەوەکەیان دوانەکەویٚ لە ترسی ئەوە

ئەترەشیان چووبوو بۆ ئەوەی شەرمەزارنەبن‌و ئابڕووی نیشتمانیان نەچێت‌و بەرامبەر کەسانی غەریبە نەشکێن، راوتەگبیری پارەیان کرد، هەر تاقمەو یەکیان کردە براگەورەو بەرەو مێزی کابرای پارە وەرگر چوون و ئەمانی کەش وەکو پێشمەرگە لە پشت سەرتیپ و سەرلقەکان راوەستان، دەنگێك لەولاوە بە زمانی عارەبی بەرزبۆوە:

- فلوسكم واصل، غذاكم على حساب صاحب المطعم.

سەرنشینەکان زۆربەیان لە زمانەکە تێگەیشتن، بۆ ئەمانەش کە تێنەگەیشتبوون لە نێو خۆیاندا کردیان بەکوردی.

براگەورەکان پتر هەوڵی وێرکردنیاندا.

- واصل، أخوان، واصل.

قسەکەرەکە لەگەڵ دوا قسەیدا پەنجەی شایەتمانی بەرەو خاوەنی چێشتخانەکە درێژکردو ئەوانیش دوعا و سوپاسیان کرد، لەگەڵێشاندا بۆ بەرێکردن چووە دەرەوەو رووی تێکردن وتی:

- أنتم منين.
- من كوردستان العراق، احنا... اكراد.
- وهذا العَلَم.
- علم كوردستان.

وەکو یەکێك یەکەمین جاری بێت بە ماشێن لە بەرزاییەکەوە لە پڕ بۆ نەوراییەك بچێت چۆن دڵی دائەخورپێ، ئاوا تووشی خورپەی دڵ هاتەوە، هەناسەی کورت بوو... دوای چەند چرکەیەك هەناسەی خۆشی هاتەوەو سووراتییەك تێزایە روومەتەکانی‌و وەکو یەکێك موژدەیەکی زۆر خۆشیان پێدابێت بەرگە نەگرێت گریا، بەرەو خۆناسینەوە دەچوو، گەشایەوە... خۆشییەکی بێ ئەندازە تەون ئاسا گشت جەستەو مێشکی بەبنەخۆدا گرت، قسەکەی باوکی لە گوێدا زرنگایەوە: ((ابنى دوّر على اهلك وأقاربك، أحنا هنا غربة)).

شێوە بەرگەکەی باپیرە گەورەی لە سەر شاشەی هزر و بیری لێدرایەوەو لەگەڵ جل و بەرگی هەندێکیان وەکو یەك بوون. ئەو حەلە لە پێش بچمی ئۆتۆبیسەکە کە راوەستا بوون، کابرا کە خێسەیەکی هەر لە ئالاکە بوو، رووی تێکردن و وتی:



- تدرون إيش أريد منكم.

وایانزانی (ارید)ەکە هەر بۆ پارەکەیە کە نەدراوە، مەزەندەیان هەر بۆ ئەوەچوو.

برا گەورەکان دەستیان بۆ گیرفانیان برد، خێرا تێگەیشت.

- لا... لا... اخوانی موحق الأكل؟

تەواو رووی خۆی سووڕاندو وتی:

- ارید منكم علم كوردستان!!

دەستی بۆ درێژکردو تۆزێکیش خۆی بۆ چەماندەوە، هەموویان سەیری یەکتریان کردو سەیری خانە خوێیەکەشیان کرد.

لە ناویاندا یەکیان زمان حاڵی سەرنشینەکان بوو لە ناو جانتاکەی ئالاێەکی دەرهێناو بەناوی کورد و سەرنشینەکانەوە پێشکەشی کرد. ئەویش وەکو شتێکی ئازیز و خۆشەویست و پڕ بەها وەریگرت... ماچی کرد... خستییە سەر سەری، پاشان بە هەردوو دەستەکانی خستییە سەر دڵی‌و توند بە سەر دڵییەوە نووساندی وەکو بییەوێ کونێکی بۆ بکاتەوەو رەوانەی چوار پارچەکانی دڵی بکات. لە خۆشیان فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتنە خوارێ.

دیمەنەکە هەر هەموویانی تاساند، فرمێسکی شادییان داباراندو مەتەڵەکەشیان هەڵهێنا.

کابراکە رووی تێکردن و بەدەنگێکی بەرز وتی:

- بویا لگیت أهلي ونسبي...!...!.

٢٠٠٥/٣/٢٠

١- لە نووسەری نوێ بلاْوبۆتەوە.

٢- لە دیداری خوالێخۆشبووان (مارف بەرزنجی و موحەرەم محەدەمین) خوێنراوەتەوە.

# شەوی مەرگ

ئەمشەوەت لە هەموو شەوانی زستانەکانی تەمەنت لاسەختو دژوار تر بوو، رقی هەموو دنیات لێدەبۆوەو بە دوژمنی بابە کوشتەی خۆتت دەزانی، پێتوابوو کردەی تۆو بردەی ئەوە. ئەویش بە گوێرەی ئەوەی دەرکی لێگرتووی و گێژەلووکە بە دەورتدا دەکات دەیهەوێ ئیمشەو سەرەسمکێکت تێهەڵبداتو بە پەندت ببات.

بارانو رەشەبا جمکەیەك بوون دوولینگانیان بەسەر شانو پیلتدا شۆڕکردبۆوەو مۆتەکە ئاسا گیانتیان قوڕس کردبوو، واتدەزانی کونی رەشەباکە لە باخەکەدایە ئەوەندە بە حوججەت دەهات، لە پێشدا بە تەنیا نیوەی تووندوتیژی و تووڕەییەکەی خۆی بە تۆو بە کووخە وێرانەکەتدا هەڵبڕێژێ، نیوەکەی تریش بە تەنیا بۆ هەموو خەڵکی دنیا بێت.

رەشەبای بێ ئیجازە دارەکانی باخەکەی بە سەما هێخستبوو و سمفۆنیایەکی سروشتی بەو ناوەدا دەبەخشییەوە، بە تۆش سیمفۆنیای ترس و مەرگ بوو... دنیایەکی پڕ واهیمەش بوو... یا قوڕێکی خەست بوو بۆت گیرابۆوەو گێرەت تێدادەکرد. پێتوابوو رەشەباکە دەیهەوێ بە سەر باخ و کووخەکەدا ببێتە پەروانە وەك هێلیکۆپتەر هەڵتانگرێو بتانڕفێنێو توورتان بدات.

لە حەژمەت بێدەسەلاتی خۆت و بە هێزی سروشتی دەوروبەرت دەستت بەپرتەو بۆڵە کرد ((خودایە ناماقوولییە بەندەیەکی بێدەسەلاتی وەکو من قسە لە سەرکردەوەکانی تۆ بکات وەلێ ژن بوو بردتەوە.. منداڵت لێ سەندمەوە، لە قسەکانم مەگرە کۆلیتێکت پێ رەوا نەدیتم، کە تێیدا بحەوێمەوە، ئەم کووخەش بە هەزار دەست ماچ کردن و پاڕانەوە دەستم کەوت، ئێستا رەشەباکە لەبەر ئەوەدایە هەڵی تەکێنێ و پێشم رەوا نابینێ دەیەوێ لێم بستێنێ و ئاوارەم بکات. خودایە تۆ ئاگاداری شارەمێروولەشی چاك دەزانی کابرای خاوەن باخەکە پێی وتووم لەگەڵ نەورۆز کووخەکە چۆڵ بکەم و جێیبهێڵم... باشە ئێستا لێم تێك بچێت بەم شەوە تۆفە سەری



خۆم بۆ کوێ هەڵگرم.. ئەگەر مەسەلە ئەجەلەکەیە فەرموو، من هیچم لە پاش جێنامینێ لە هەموو وەختێکیش ئامادەترم بۆ خۆشم ئاسوودە دەبم...

رەشەبا و باران ئەوەندە بێ بەزییانەکاری خۆیان دەکرد قرچ و هۆڕیان بەدارەکان هێخستبوو مۆتەکەی ترسێکی گەورەش بوو دڵیان داخ دەکردی. وەك بڵێی تۆ بکوژی براگەورەیان، یان تێکدەر و ئاشکراکەری نهێنیانبی، بۆیە لەم شەوەدا ئەم مامەڵە دڵڕەقانەت لەگەڵدا دەکەنو دەیانەوێ لە ناوت بەرن.

**دیسان کەوتیتەوە دوان لەگەڵ خۆتدا:**

((خودایە بێکەسی هەر لە خۆت دەوەشێتەوە لە تۆ بەولاوە بێ هاودەمی.. بێ ژن و منداڵی بە کەسانی کەوە جوان نییە، بەندەیەکی چارەڕەش کە لە هەموو شتێکیدا ئاوەشۆڕشکراوم خەریکە تەنیایی... شەو... زستان... زریانو رەشەباو زرم و هۆڕی نێو باخەکە بەزیتدیتی چاوان دەستم لە هەوکی دەنێن و بێ ئەجەل دەمکوژن، دەنا خودایە تۆ هەر لەم بێکەسیەدا بێت و کە سیفەتی تاك و تەنیایی خۆشتە، منیش لەم بێکەسی و تەنیاییە دەربهێنی و لە شەوانی پڕ نەهامەتیو قوڕبەسەری و ترس و لەرز و برسێتییە، کە بەندەی خۆت بەرگە ناگرێ وەك کەشتییەکەی حەزرەتی نووح رزگارم بکەیت...))

ئەمانە وڕێنەکردنی ئەمشەوەو هەموو شەوەکانی زستان بوو، وەك بڵێی ئەم وڕێنەکردنە ترس لەخۆ دەرکردن و با لەسك دەرکردنیش بێت، وەکو ئەوەش وابوو یەکێك بەرامبەرت دانیشتبێ و تۆش دەردە دڵی خۆت بۆی هەڵبڕێژی و لەگەڵ خۆتدا دەتویست تخووبی بێکەسیو تەنیایی ببەزێنی، یابڵێین لەوان کەسانیان دەکرد، کە شەوان بەتەنیا رێگەیان دەبڕی و لە ترسان دەستیان بە گۆرانی وتن دەکرد.

هەر ئەوەندەت خۆشبوو، کە خۆت ببوویتە هاودەنگی خۆت، لە پڕ نووزە و هاوارێك کە پێتوابوو لەبن عاردەوە یان لە توونێلە نادیارەکانی دۆزەخەوە هاتبێت یەکسەر پاش ئەو چەند چرکەیەی کە باو تۆفەکە کزبوو یاخووت رێڕەویان گۆڕیبوو خۆی گەیاندە گوێچکەت، زریکەی ترسێکی کەشی لە بنی دڵتەوە هەستاند،

تەکانێکی پێدای.. هەر لەو جێگەیەی لێوەی راست ببوویتەوە چەقیت، هەستو نەستت کردە گوێچکەو لەبەر خۆتەوە وتت:

- تۆ بڵێی ئێرە دۆزەخ بێت و ئەوە دەنگی ئەوان کەسان بێت کە کاتی خۆی بێ فرمانیان لە قسەی خوا کردووە دوای تێهەڵدانو سزادان، زریکەو هاواریان لێ هەڵدەستێو وەك هەورەتریشقەش دەنگ بداتەوە.

ئەوەندەت هەست راگرت و ئەوەندەشت لێکدایەوە هەڵەو راستت لێتێچکوو و سەرە داوەکەیشت لێ بزربوو، رێ خۆشکەرەش بوو کە هەموو بیرۆکەو واهیمەیەك بە ئاسانی رێ بەرەو دەروونت بگرن.

((ئا جنۆکەیەو دەورەیان داوم، دەیانەوێ زەفەرم پێ ببەن و بمکەن بەیەکێك لە خۆیان، ئەوە نەبوو ئەو ساڵە (وەسمان)[1] بۆ گەچ کڕین چوو بووە (کەندال)[2]و (گاوەرە) وەختێك بۆ ئاو خواردنەوە لە سەر سك خۆی درێژکردبوو تا ئاو لە شوێن قۆرتیلەکانی تایە بخواتەوە، پێیەك لە سەر ملی دادەنرێ و پێیان وتبوو یەللا وەسمان هەر تۆمان کەمە داوەت گەرمە، دەستی گرتبوو تەپەی پێی  شایی کەران بەرزببۆوەو تۆزبەری ئاسمانی گرتبوو، کچۆڵەکانیان دەستیان دەگوشیو داوایان لێدەکرد یەکیان بخوازێ، تا خواو راستان بە هۆش خۆی دێتەوەو لە سەریەك بیسمیلا دەکاتو ناوی خوا دێنیێو قولهووەللاش دەخوێنی.. وەختێ هەست بە خۆی دەکات بە تاقی تەنیا شایی دەکات لە پاشان وردە وردە دەگەڕێتەوە دۆخەکەی جارانی و سواردەبێو دەگەڕێتەوە...)).

ئەوترسەی کە بەرۆکی گرتبوویت خەستربوو، بەهەنگاوی لاسەنگ بەرەو دەرکەکە چوویت کە لە درز و شەقەکانییەوە بای شێدار بەورشە ورشەوە دەهاتە ژووریێ و دەست و دەم و چاوی دەگەستی، دەرکەت لە رووی شەوێکی ئەونگوستە چاو کە لە تاریکی گۆڕی تەنگ و تاریکی دەکرد، شەوێك لەبەر نائارامی سروشت و دەروونت

---

١- ئەمە رووداوێکی راستەقینەیە، ئێستاش کابرا ماوە تەنها من ناوەکەیم گۆڕیوە بۆ ((وەسمان)).

٢- کەندال و گاوەرە دوو گوندن لە بناری قەرەچووغ.



دەتوت رۆح کێشانی مەرگتی تێدا ئەنجامدەدرێت.. شەوێکی جەهەنەمی، کە لەوە پێش تاریفیت لە دەمی ئەم و ئەوەوە بیستبوو کردەوە. دەستێکت خستە ئەمبەری لادیواری دەرکەکەو دەستەکەی تریشت خستەسەر ئەوبەریەوە کەمێك سەرت بۆ دەرەوە تاکەرخی هەردوو گوێت بردە دەرەوە. ئەمەشت بە قوڕسی و گرانی کرد، لە پشتی سەرتەوە تاپاژنەی پێیەکانت شتێك لە هاوار و نووزەکە هەڵکڕێنی، وەلێ لەبەر گێژەن کردنی بایەکە بۆت ساغ نەبۆوە کە دەنگەکە لەکیهان لاوەدێت، ئەمەشت پێ ئازایەتی بوو کە ئەوەندەت خۆ بەرامبەر دنیایەکی رەشی نادیار راگرت، کێ ناڵێ چەند جۆرە نەهامەتی و قۆرت و تەگەرە خۆیان لە پشت پەردەی تاریکی بۆ لە بۆسە نەناوی.

کە سەر و گوێت هێنایەوە ژووریێ و دەرکە شڕوشلۆقەکەت پێوەدایەوە واتزانی دەربەندی (گۆمەسپان)ت بە رووی دوژمنێك گرت کە بۆ هێرشکردن لە حاڵەتی ئامادە باشیدا بووە.

هەندەی چاوترووکانێك بە بارێکی تر هەڵگەڕایتەوە، لەو شەوە تاریکستانە، زەردەی تروسکاییێکی کز سەرە دیقانێی لەگەڵدا دەکردیو دەیویست شەقێك.. کەلێنێك لە تاریکی دەوروبەرتو نێو هەناوت بکات.

مەزندەت کرد ئەمە دەنگی پیاوچاکان بێ خۆ دنیا لێیان رەش نەبۆتەوە، یا فریشتەی خوایی بێتن تا فریاد رەست بکەن، چونکی ئەو مێروولەش لە بیر ناکات.. یاخووت ئەم ژیانە نەمر و نەژینە، بێ ئاگاییت بووبتە داستانێكو ئەم زار و ئەوزار و ئەم ماڵ و ئەو ماڵی کردبێت، یان ئەم گوزەرانە دێوانەیەت لەسەر لاپەڕەی ئەو کاغەزانەی کە لە سەرجادەکان دەفرۆشرێت نووسرابێ و باسی کرابێ و هەستی پیاوچاکێك.. فریشتەیەك.. خێرخوازێکی جوولاندبێت.. ئەوە دەنگی ئەوان پیاوچاکان بن بە ماشینێکی گەرم و نەرمەوە هاتبن بتبەنو بتخەنە ماڵێکی گەرم.. نوێنێکی نەرم.. نان و گۆشتی برژاو ئامادەکراو.. ژنێك بێکەس و کلۆلتر لەخۆت، بیکەنەکابانت تا هەردووکتان لەدوا تەمەنتان لە باوەشی یەکتردا بحەسێنەوە، تۆڵەی رابوردووتان بۆ بکەنەوەو سەری رەحەت و سەحەت بخەنە سەر سەرین، تا لە دنیای

هەمیشەیی پاداشتی ئەوان یەك بەدەو یەك بەسەدو یەك بە حەوسەد بداتەوە، دەرگاکانی بە هەشتیشیان بۆ بخرێتە سەر پشتو گووبەڵ...

تەپەی بارانێکی قایمت دەبیست، کە خۆی بەرانانی بەپشتی دیواری کووخەکەوە دەکوتا، رەشەباکەش هێندەی تر شێتانەو سەر لێشێواوانەو بەرەڵلایانە قایمتری دەکردو ورشەو گیزەی لەکەلێنی دیوارە بلۆکەکەوە پتر دەهات و ژوورەکەی زەمهەریرترو شێدارتر دەکردو مەزەندەکەی پێ پووچەل دەکردییەوە. خەریك بوو وەکو ئەو پیاوەت لێبێ، کە پەیمانی شکارتەی لەگەڵ خودا بەستبوو، شکارتەکەی بە باو بارانو هەورەتریشقە تەفر و تووناکردبوو، کابراش لە حەژمەتان دەیوت چرای هەڵکەو گووی تێماوە، بە بەبیرهاتنەوەی ئەمە گرژیتەوە لە پێشە خۆتەوە وتت:

- خوا کە دەرکەیەکی داخست چەندی تر دەکاتەوە.

دیسان هاوار و نووزانەوەکە بایەکە بە گوێچکەی گەیاندییەوە، تەزووی ئازایەتییەكو چوستییەکت بە بەرخۆدا کردو دەرکەکەت والاکرد.. هەستت راگرت تابزانیت لە کاملاوە دەنگەکە دێت بۆ ئەوەی بە هاواریەوە بچێت.

شەروالەکەت بۆ سەرەوەتر هەڵکێشاو لەگەڵیدا دووسێ جاران خۆت راوەشاندو وتت:

- خۆ لەمە خراپترم بەسەرنایە، مرۆی تەڕ لە باران ناترسێ، منیش دەمێکە تەڕم، کووزری خۆم کوتایە یابڵێین چم لە دنیادا ماوە دەبێ بەم ژیانەی خۆشم بڵێم ژیان!؟ چیم لە پاش جێدەمینێ ژن.. کوڕ.. خانوو.. سامان.. داهات، مردن یەکەو هەر دەبێ بێت، ئینجا ئەو پەل کوتانەی بۆچییە؟.

بەراوردێکی خێرات کرد.. بڕیارێکی زۆر خێراترتدا.. رووت کردە ئەو ناوەی، کە پتر رێگەی بە سەرەوەیە، جەمەدانییەکەت لە سەرومێشکی خۆتەوە پێچاو دەرکەت بە دوای خۆتەوە پێوەداو ناوی خۆات لێهێنا.. رادارانە هەستت بۆ دەنگەکە راهێشتو بوویتە (عەلی شوونهەلگر)و بە ناو دارو قوڕ و شەوەزەنگدا رێت هەڵدەگرتەوە... بەمنگە منگ و نیمچە گۆرانییەوە رێگەت لە ترس و واهیمە دەگرت کە بتوانن



زەفەرت پێ ببەن، ئەو شەوانەت دەهاتەوە بیر، کە شوان بوویت بەفر و باران رێی پێ دەگرتی و شەویشت بەسەردا دەهاتو بەمێگەلەکەتەوە لەو ئاقارە دەمایتەوە، ئەوسا لە خەمی خۆتو مێگەلەکەو سەگی مێگەلەکەش دەبوویت.

دەتوت دەنگەکە بۆن چرپەی تۆی کردووە بۆ ماوەی یەکدوو هەناسە شتێکت بیست، وەلێ هیچ حاڵی نەبوویت، تەکانت بەرەو دەنگەکە برد، چونکە لەوە پێش شوانیت کردبوو فێرببووی بەبێ دیتن بە دەم قاڕینو باعە باعی مەر و بزنەوە بچیت، بەهەمان هەستی جاران هەنگاوت نا، لەم چەند چرکانەدا بێ ویستی تۆ هەوری ترسێکی تەنگ دایگرتیو لەبەر خۆتەوە دەتگوت:

- خۆ ئەژدیها نییە بمخوات، جنۆکە وەسمانیان پێ رازی نەکرا، کە ببێتە یەك لەوان، منیش خۆ بە پیاو دەزانم بەم مەترەقە تێی دەکەوم.. ئەگەر خوداش بەوانی دا.. دەبابیدا..

هات و هاوارەکە لەسەر یەکتر نەدەهات پێدەچوو خاوەنەکەی هیلاك و بەرەو هیلاکتر بچێت، کاتێکی خراپ لێی قەومابوو.. شەو.. باران.. رەشەبا.. هاتووچووش سفر، لە حەژمەت ئێش و مەرگ ناوە ناوە هاواری دەکردەوە بەڵکو یەکێك.. رێبوارێك گوێی لە دەنگی بێت و بە هانایەوە بچێت. ئەمجارەیان دەنگەکە زەقتر توانی تاریکییەکە ببڕێت و شەوکوێرانەش رەشەباکە شەق بکات و بگاتە گوێچکەت:

- هاوارە هاوار بمگەنێ.. کێ.. گوێی لێمە.. بەفریام بگات.. رێبوار.. خێرەومەند.. هانام.. هێناوەتە بەرتان.. ه... ااا... وا... ر...

لە دوور دەنگتدا

- هۆۆ... ی، خۆت ئاشکراکە تۆ چیت بەم درەنگانەی شەوێ.. ئادەمی.. جنۆکەی.. ژیانت لە من ئاڵۆزکردووە.. شەوت لێ تاڵکردووم خۆت ئاشکراکە ئەگینا بەم شەشاگرە هەناوت گڕ دەدەم.

- ئادەمیم.. زووکە.. لێم قەوماوە وەرە.. هیچ سڵ مەکەرەوە، مردم.. رەقبوومەوە.. خێرت دەگات هاوارم بۆت.. هێنـ... ا... وە.

بێ سلّکردنەوە بەلەز و چەپووکانە بە هاوار دەنگەکەو هاواری دەروونتەوە چوویت، بەو ناوەختەو لە شەوێکی ئاوا تاریکو پڕمەرگەسات، کە توانیت بەسەر هاوارێکەوە بگەیت لە خۆت رازی بوویت، ئەو چەند هەنگاوەی نێوانتانیش بووە هەوێنێك بۆ رەواندنەوەی هەندێ لەترس و خەمەکانت، نالّەی زەلامێك کە لەپژدێن بەرەخواری لە ژێر ماشینێکی هەلّگەڕاو بوو دەهات... بە قسەی زەلامەکە چرای ناوەوەی ماشێنەکەت داگیرساند، رووداوەکە دەتگوت بەدەستی ئەنقەست کراوە هیچ جوولەی بۆ نەدەکرا لە هاتو هاوارەکە زیاتر، لە ناو قوڕ و چلّپاویشدا مەلەی دەکرد، کە هیلاك بوویت و بۆت نەکرا لە بن ماشێنەکە دەری بهێنی وایزانی لەم شەوە سەختەدا جێیدەهێلّی بۆیە بە شێوازێکی پاڕانەوە وتی:

- تۆ فریشتەیتو.. بۆ من ناردراوی.. قوربانت دەبم نەکەی.. نەکەی جێم بهێلّی.. دەمرم، گورگ و دڕندە ئەمشەو دەمخوات.. نەکەی جێ..

زەلام قوڕگی نووسا.. دلّی پڕبوو چیتری بۆ نەوترا.

- مەترسە ئەگەر شەوم بەدیارتەوە کردبێتەوە جێت ناهێلّم، ئیمشەو شەوی پیاوانە!؟

- شەرت و پەیمان منیش هەرچی پیاوەتییە تەنیا نەمرم و رزگارم بکەیت لەگەلّتدا بیکەم.

- فێر نەبوومە پیاوەتی بفرۆشم.

کە بەدەستو راکێشان هیچت بۆ نەکرا، ویستت هانا بۆ شتێکی رەق ببەیت. ئەوە ئەمەی هێنایە هۆشی زەلامەکە، کەجەگی ماشێنەکە دەربکەیت، چۆنیەتی بەکارهێنانەکەش هەر خۆی رێنمایی دەکردی، پاش هەولّێکی زۆر لەبەر نەرمی شوێنەکە هەر چۆنێك بوو ئەم بیرۆکەیە لە کۆتاییدا سەرکەوتنی هێناو بە ئای و ئۆفەوە لە ژێر ماشێنەکە راتکێشایە دەرێ. زەلامەکە دەستی بۆ گیرفانی قاچە شکاوەکەی بردو مۆبایلەکەی بە وردوخاشی دەرهێناو بۆ ناو قڕو چلّپاوەکە تووڕیدا.

باران و تۆف و شەوەزەنگ لێتان بێ منەت بوو، تۆش دەمێك بوو لێیان بێ منەت ببووی، بە هەزار حالّ بەرەو مالّە بێ نازەکەت چوویتەبن بالّی.. جار جارەش



دەتکردە کۆلّت، تۆ بەهنکە هنکی ماندوویەتی و زەلامە کەش بە ئازارو ئیش و ئایوئۆفەوە گەیاندتە سەر رایەخەرەق و تەقەکەی کووخەکەت، زەلام وایزانی گەیاندراوەتە ژوورێکی هۆتیلی شیراتۆنەوە. هەستی بە ئارامی کرد، تۆش ئەوەی لە قاچ شکان و خوێن بەستان کە لە شوانییەوە فێری بیوویت بۆت کرد. زەلامەکەش ئەوەندەی گفتوخێر بۆ سبەی پێدایت لات وابوو لە چەقێنان بێ باران و پەلّە شین دەبوو، هەر دەمی بجوولاّیە بەخێر باران سواقی دەدایت، دەلّێن ئەگەر خوا بیدات لە خەتێکیش بێ دەیدات. بە قسەکەی ئەوبێت بەیانی خێر و فەرپەسەرت دادەبارێت. زەلام ئەوەندە لە بن ماشێن و ناو قوڕ و چلّپاوەکە سەرمای لێدابوو ژوورەکەی زۆر پێ گەرم و گوڕ بوو، پێلّووەکانی گران دەبوو خەو دەیبردەوە، تۆش تاخۆت بۆ گیرا بەدیارییەوە هۆشیار بوویت، وەختێك تۆش بەو ئومێدو هیوایەی سبەی پڕ خێر و بێر و قسەکانیشیت لێبووە ژنە جحێلێکو دەست لە ملانێی بوویت.

٢٠٠٥/٨/١٧

هەولێر

(*) لە گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٩٨)دا بلاّوبۆتەوە.

# بێزاری

لە هەموو شتێك بێزار ببوو، لە هەموو لایەکیش و بە هەموو روویێکەوە تەنگی پێهەڵچنیبوو، ژیان لەکنی هیچ تامو‌بۆیەکی ئەو تۆی نەمابوو. بێزاری، ئاسمانی ئومێدو ئاواتەکانی بۆرو چڵکن کردبوو، تەونی جۆلاێیێك بوو تێیئالاَ بوو و سێبەر ئاسا لە دوای نەدەبۆوە، ئەوەندە لە ژیانی خۆی و لە دنیاش بێزاربوو نازناوی بێزار بۆی پڕ بەپێستی بوو، بەرەبەرە ئەو بارە دەروونییە بەرەو رەشبینی دەبردو چاوەکانی تانە ئاسا لێڵ و رۆشناییان لێکەمدەبۆوە.

بێزاربوو لە هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە، بێزاری لە شەو و رۆژ پێشاندەداو بە هیچیشیان رازی نەبوو، بێزاربوو لە نانخواردن و لە پاشەرۆك خۆ بەتاڵکردن.

بێزار بوو لە ریش تاشین و بێزاریش بوو لەبەردانەوەی، لە دانیشتن بێزاربوو کە هەڵدەستایەوە خراپتربوو، بێزاربوو لە ژیانی لە مردنیش زەندەقی چوو بوو، کە باس لە مردن دەکرا دەیویست لە بەرگی خۆی دەربچێت و دەیوت ئەم باسە هەرمەکەن. لە هەموو شتێکی خۆیو دەوروبەرەکەشی نارازی و بێزاربوو.

بێزاری تەوقێك بوو لە پەنجەی پێیەکانییەوە تا گەردەنی تێوەی ئالاَبوو، بێزارییەکەی مەرگەمووشبوو، ژەهربوو... قوزەلقورتبوو تێوەی گلاَبوو، بە پانتایی ژیانی بە خۆشی و ناخۆشییەکەیەوە تەشەنەی کردبوو، قەیسەری لێکردبووە کونەمشك. چەندان ساڵ لە ناو ئەم گێژاوو قوڕولیتەو بە رەللاَییەی بە سەربردبوو، وەلێ نەیزانیو سەرەدەری لەوە دەرنەکرد، کە پاش ئەوەندە ساڵە بۆ وا ئێستا کتوپڕ بێزاری لە دەروونیدا چرۆی دەرکرد کە هەڵسوکەوتی بەرەو سڕبوون دەبردو ژیان و بێنەو بەردەی رۆژانەشی ئاڵۆزکردبوو.

بێدەسەلاَتییەکەی و زەفەر پێنەبردنەکەی وەك ئەو قوتابییە تەوەزەلەبوو کە بەرامبەر پرسیارەکانی بیرکاری دۆش دادەمینیو مێشکی جام دەکات و بۆی حەل ناکرێت، هۆکاری سەرهەڵدانی بێزارییەکە لەو ئان و ساتەدا بۆ شرۆڤە نەکرا، کە خۆی



لە خۆیدا ئاڵۆزی خستبووە هەست و نەستی و لەلایەکی کە شەوە لە هەڵسوکەوتی بێزارتر دەبوو.

لەوکاتانەی کە لە ناو گۆمێکی لێڵی بێزاریدا شەپەشەپی بوو قسەی هاوەڵێکی لە گویدا زرنگایەوە:

((کاکە لەم ژیانەی خۆم بێزارم ئەوە بیست ساڵە ژیانم کۆپی رۆژانی پێشە خۆیەتی، بەیانییان دەچمە دەوام، پاش نیوەڕۆیان کەمێ دەخەوم، ئەوجا بۆ چایخانەکەی، کە شوێنی هەموو رۆژانمە لێژدەبمەوە، ئێوارانیش بۆ ماڵ و شەوانیش بە دیار خەفەتەکانمەوە دەیگوزەرێنم، بەیانی لە سەرهەمان رۆژی پێشوو دەست پێدەکەمەوە، بیست ساڵە گۆڕانێك لە ژیانی خۆمدا شك نابەم... بەڕاستی بێزااارم... بێزا...ر!)).

بە تەواوبوونی بیرهاتنەوەی قسەی ئەو هاوڕێی، هەر چەند هێنایو بردی لیتی گۆمەکەی لی خەستربۆوە، بەوەش مەرزی بێزارییەکەی پانو پۆڕتربۆوە، کە قسەی هاوڕێیەکی کەی کە ماوەك بەر لە ئێستا کردبوونی لە بەشە خەزن کراوەکەی مێشکی بۆی لێدرایەوە:

((کاك... بەڕاستی ژیانی شارم لەبەرچاو کەوتییەو بێزاربوومە، چونکە سوالکەر زۆر بوونەو لە چوار رییانەکاندا رێت پێدەگرنو سیمای شاریان شێواندووەو ناشیرینیشیان کردووە، هینەکانیش کەوتوونە پێشی و بە دوای ئەوانیشەوە رۆڵەکان دێن کە دەربەدەریو قوڕبەسەرییان دیوەو بەرەو پەراوێزیان دەنێرن، لە هەندێ شوێندا مێش بۆتە گامێش و لە شوێنی کەشدا گامێشیك کراوەتە مێشێك، لەجێگەی تریشدا راستەو دروستی لینگەو قووچ کراوەتەوە، تاقەتیپی فتبۆڵێنی شارەکەش هەر لە خۆیان پێکهاتبوو هەر ئەوانبوون لە گۆڕەپانەکە دەبەزین و ئێمە مانانیشیان بە یەدەگیش قبووڵ نەکردبوو. ئومێدێکی گەورەشم بەخانووە تازەکەمانەوە هەبوو کە شوێنێکمان تێدا دەستکەویو وەکو دایکێك باوەشمان تێوەرێنی و بمان حەوێنێتەوە،

وەلێ مخابن لە ئاخر و ئۆخریدا تەماع گیربوو پەشیمانیان کـردەوەو دەسـتمان بـەربوو، ئەوجا چۆن بێزار نەبم و بێز لەم ژیانە نەکەمەوە.

بیرهاتنەوەی ئەو قسانە پردێکی دووورودرێژی پێ دروستکرد، سەرێکی بە ئێـستاو سەرەکەی تریشی بە پازدە ساڵ بەر لە ئێستا بەستبۆوە.. ئێـستای پـڕ لـە بێـزاری و ئەوسای لاوێتی و خوێن گەرمی بەراوردێکی کۆمپیوتەریانە لە مێشکیدا کرا، سەری پێ باداو دڵی تەزاند، هێندەیتربێ ئومێدی کرد و ژیان لەکنەوی بێ مانابوو، لەوتاقمە تۆ قێنەرانە دەترسا کە ئێستا پەیدا بوون، رۆژانی خراپتریشی رەچاو دەکـردو هەسـتی بێزاریشی پتر دەکرد، وەك دەروێشانی قادری چۆن ویردو زیکر بـەدەنگ دەکـەن ئـاوا کەوتە قسەو بۆڵە، جار جارەش دەبووە سۆفی نەقشی و دەیـبردەوە هـەناوی و لەگـەڵ خۆیدا دەدوا:

((کێ کردی.. کێ بردی.. کێ خواردی، رۆژگـار وایلێهـاتووە زیـن بکرێتەکـەر و کورتانیش بکرێتە ئەسپی رەسەن.. جێگاو مەقام جێگۆڕکێیان پێکراوە، رەش‌و سـپی تێکئالاّوە، کەسانی ئارەق نەکردە دەستیان لە خـوانی چـەوردایە، کتێبـە گەورەکـەی کوردایەتی تۆز و خۆڵ لە سەر لاپەڕەکانی نیشتووەو نامیلکەی تازە بابەت دەرچـووەو جێگەی گرتووە.. راوی رێوی دەکـەن بـۆ کەوڵەکـەی. دەسـتیان لەگـەڵ ئاووهـەواش تێکەڵکردووە بۆ مەرامی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئا دەیهەوێ دەیهەوێ!..

کوژانەوەی کارەبا کە هێشتا سووڕانی ئامێرەکانی ماڵەکەی گەرم نەکردبوو قسەو بۆڵەکەی پێ پچڕاند.. لە حەژمەتان لە پێشەخۆیدا وتی:

- تائهوو... تائهوو!! کابرا حەوت دەردانی لێبوون قوونیـشی هاتـەدەرێ، گـوتی بەخێربێیت سوورەگوڵی باخان، خەم لەچی بخوێن هێندەمان خەم خوارد خەمدانیـشمان وا دڕا.

نێو مێشکی شانۆیەك بوو بۆ خۆی، چۆن ئەکتـەر هەریەکـەیان لـە نـۆرە نمایـشی خۆیدا دێتەپێشێ‌و قسان دەکات، ئاوا هەر کە لێبۆوە ئەکتەرێکی تر لێی قووت بۆوەو دەستی پێکرد:



((بێزارم لەوان کەسان، کە زمانیان لووسە وەك هەسان و تیژە وەك گوێزان و بەدەم و پشتەکەیدا وەکو یەك دەبڕێت، لەوەتـەی هاتوونەتـە پێـشی چـەند رسـتەیەکی بـە بەغاییانە فێربوونەو لێرەو لەوێ وەکو بنێشت دەیجوونەوەو کەسیش بـۆی نییـە پێیـان بڵێ لەل. ئەوجا هێندە لە خۆم‌و لە شارەکەم و لە دەوروبەرم بێـزارم هـەر نەبێتـەوە.. گەیشتۆتە ئـەو رادەیـەی بێـزاری لەگـەڵ خوێنمـدا ئاوێتـەبووەو لەگـەڵ ترپـەی دڵـم بەدەمارەکاندا ئەمسەر و ئەوسەر دەکات... دەبا بمریـ... بمرم رزگارم بێت حـا...!)).

یا دەوەری ئەم بێزارییانە هێندەیتر بێزاریکرد، نان و ئاوی بە بێزارییەو دەخـوارد، بەدەم بێزارییەوە خەوەنووتکە بردییەوە، بۆ سبەینێ رۆژێکی بێزارتـر وەکـو ئـەوەیش بەزۆر بخرێتە باوەشی ژنێکی هێسك گران ئەویش لێی بێزاربێت و ئاوها بەبێزارییـەوە دەست لە ملانێی بێزاری بوو.

٢٠٠٦/٣/٢٠

هەولێر

# دەنگۆ

(١)

حیلەحیلی ئەسپ و زەڕینی کەر، حەپە حەپی سەگ و جریوە جریوی چۆڵەکە، باعە باع و قارەقاڕی مەڕو بەرخ و بزن و کار، گیزەگیزی مێشو زەردەواڵە، خشە و خشپەی مارومیرو و خشۆکیان.. لەبن زەویو لە سەر زەوی.. بە ئاسمانی دێهاتەکانیشەوە بڕی، کانییان تەقاندەوە، سەوزاییان زەرد هەڵگێڕا.. زەردیان بۆرو رەشو چڵکن کرد.. ئاسمانی شینیان رەش داگەڕاند، دێهاتەکانیان تەخت کردو قورئانیان ئاگر تێبەرداو خەڵکەکەیان لە زێدی باب و باپیرانیان هەڵقەناندو سەرگەردانیان کردن..

لە کۆڕ و دانیشتنەکانیان بزەی سمێڵیان دەهاتێ، کە قاقایان لێدەدا لەگەڵێدا شانەکانیان سەمایان دەکرد.. قڕانە کوردیان بەرپاکرد.

(٢)

تەمومژ هەرێمەکەی داگرت و لەبڕی باران خەم دەباری، رەنگی رەش.. هەش وخم تێکەلاوی خوێنیان بوو، خەم تیر ئاسا دڵی زۆرانی سمیو شوێنەواری خۆی جێدەهێشت و خەڵکەکەی بەرەو بێ ئومێدیو خەمۆکی و تاریکی دەبرد.. زۆران سەریان لێشێواو رێیان ونکرد، گەلێکیشی بەرەو شێتبوون دەبرد، هیواشیان هەبوو سەری خۆیان هەڵگرت و روویان لە هەندەران کرد.. تروسکاییان لە کونی دەرزییەوە دەدیت.

(٣)

کە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانیان پێ چۆڵکردن و دێهاتیان بەپێوەنەهێشت، (کوردۆ) تووشی هەژ هەژێن هات و دڵی راجفی، سەرێکی دەبردە ئەولاویەکی دەهێنایەوە ئەملا، جەستەی بەرگەی ئەو هەوالانەی نەدەگرت کە لەملاولەولاوە بەکرێگیراوەکان دەیانوتو دەیانوتەوە:



- موخەریبین تەواوبوون و نەمان.
- شیمالی عێراقمان لە تاقمەکەی (مەسعود) و (جەلال) پاککردەوە، ئەوەی کوژرا ئەوەی خۆیدا بەدەستەوەو ئەوەیشی هەلاتو لە سنوور ئاودیومان کردن.
- بە هاریکاری ئەفواجی خەفیفە لەگەڵ سوپای عیراق توانیمان لە خاکی عیراق دەریان بکەین.

ئەوان کاتان راگەیاندنەکانی دەنگ و رەنگی بەعسیە عەفلەقییەکان شەو و رۆژ بەدەنگی گەورەو نەڕەنەڕو شیڕەیانەوە هەمان قەوانیان لێدەدا، کوردۆ هێندەیتر تەپەسووری دایدەگرت و لە هیچ شوێنێك ئۆقرەی نەدەگرت و نەدەحەوایەوە.. ماکی ئەو کاریگەریانە گۆڕانێکی بە سەر هەڵسوکەوتی داهێناو جار جارە قسەی هەلەق و مەلەق و تووشی ورێنەشی دەکرد.

- چۆن دەبێت... چۆ...ن!!
- دنیا خراپ بوونە.
- دەڕۆم... دەرۆم، من تەواوی دەکەم.

کوردۆ وەکو برسییەك چۆن بۆنان پەیداکردن هەوڵ و تەقەلاْ دەدات، یا وەك ئەو جالجالۆکەی، کە تەونی ماڵەکەی تێکدرابێت چۆن دەکەوێتەوە دروستکردن، ئاوا بۆ ئەو مەبەست و رێگەیەی کە لە دڵیدا سەریهەڵدا و رەوتی ژیانی پێگۆڕی بۆی کەوتە کارکردن.

(٤)

کوردۆ وەکو سەرکردەیەك دەستی خستبووە نێو دەستی هەڤاڵو هاوڕێ بە مەبەستی گفت و پەیمانێك لە سووچێکی ژووری ماڵەکەیاندا دانیشتنیان کردو پێی وتن چیم وت بەدوامدا دەیلێنەوە:

- بەخواو پێغەمبەر سوێند.
- بە کورد و کوردستان سوێندبێ...

– نهێنی بپارێزم و ئەوەی کە پێم سپێردراوە لە پێناو کوردو کوردستاندا، گفت گفتی پیاوان بێت لە جێبەجێکردنیدا درێغی نەکەم.

بەیەك دڵ و یەك دەم هەردووکیان بەدوای ویدا وتیانەوە.

**دیسان رووی قسەی تێکردنەوە:**

– بەعسییەکان بەتێکدانی گوندەکان ئەوە هەشت نۆ مانگێکە پێشمەرگەیان دوورهێخستیتەوەو بەکارەکەی خۆشیان پشت ئەستوورن و کەیفیان بەخۆ دێت، ئێستا قایشەکانیان شل کردووە، ئەوەیان بۆ ئێمە هەلێکی چاکە وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هەموو گیانمان بکەینە چاو، زۆر بە وردی و نهێنی و دڵسۆزی و بوێرانە وەکو پێم وتوون لەکاتی سفرەکە هەر سێکمان کارەکە جێبەجێ بکەین، هەموو میللەتی کورد ئێستا پێویستی بەم چالاکییەیەو دەبێتە بۆمبایەك و لە ژێر پێی هەموو خائینێکی کورد دەتەقێتەوە.. بە قوربانتان بم وریابن یەکەم هەنگاو سەرکەوتنی دەوێ، پاش دوو رۆژیکە هەر لێرە یەکتر دەبینینەوە.

(٥)

((بژی کورد))

((بژی کورد و کوردستان))

((کورد لە راگوێزان بەهێزترە))

((واهاتن... پێشمەرگە))

ئەمە ئەو دروشمانە بوون کە لەسەر دیوارەکانی دەوروبەری (مەنزومە)و (ئەمنی شیمالی)و (ئەمنی شار) نووسرابوون، کە دەمێك بوو دیوارەکان تامەزرۆی ئەو دروشمە شۆڕشگێڕانەو دەستو پەنجەی رۆڵەکانی کوردبوو، لە سێ لای شار دیوارەکان بە رووی بەعسو جاشەکاندا هاتنە قسەو زەندەقیان بردن، دەیەها نووسراویش با بە کوڵان و



جادەکاندا ئەمسەر و ئەوسەری پێدەکردن و کەوتنە دەست خەڵکی شارەکەو دڵی دار و دەستەی رژێمی هێنایە لەرزین و ناوکی هێخستن.

(٦)

بەیانییەکەی کە رۆژهەڵات موژدەی رۆژێکی نوێی سەرهەڵدانی پێبوو، رۆژەکەی لە رۆژانی پێشەخۆی نەدەکرد، دەنگۆی دیوار نووسینو بلاوکردنەوەی نووسراو بە شاردا خەمی گوندتێکدان و راگوێزانی سووکتر کردەوە.. چالاکییەکە وەك بروسکە شارەکەی تەنییەوە.

دەنگۆیەکە رمبەیەکی چەند تەنیبوو کاری لە سەرو کەللەو مێشکی بەعسییەکان کردو کاسیکردن، جا شفیقەکانیشی زەندەق بردیکرد، ئەو قسەو قسەلۆکانەیشیان کە بە بۆنەو بێ بۆنە بەگوێی خەڵکی شاریان دادەدا، کە دەیانوت ((موخەریبین نەمان و ئاودیوی سنوورمان کردن و بۆ جەهەنمان ناردن)) بە خانەی درۆیان گەیاندن.

(٧)

لەوێ دەمێرا خوێن گەڕایەوە جەستە سڕبووەکان و رۆژێکی نوێ لە کورد هەڵاتەوە. خەڵکی شارەکە بەنهێنی پیرۆزباییان لە یەکتر دەکردو بەرگێکی نوێیان لەبەرکرا.. لە ترسی سیخوڕەکانیش بەبیانووی ئەوەی نەخۆشیان شیفای هاتووە... یاخوت منداڵیان لە قوتابخانە دەرچوون یان بەلاڵیەکیان لەسەر وەلاچووە خێروخێرات بەخشرایەوە.

(٨)

هەرسێکیان بەم سەرکەوتنە مکورتربوون و بۆ ئایندەیان دەستیان کردەوە ناو دەستی یەکترو بۆ رۆژانی داهاتوویان بەرنامە رێژیان دەکرد...

٢٠٠٦/٩/٢٤

لە گۆڤاری هەرێمی کوردستاندا بلاوبۆتەوە.

# خۆر ئاوابوون

ورده ورده شارەکە ڕووناکی لێ دەبڕا، ورده وردەش خۆر بەرەو ئاوابوون ڕاکێش دەکرا، ئەویش دەتوت قاچەکانی قاچی ئەو زیندانییەیەکە پێوەند و زنجیر کراوە ئەو هەندە بەگرانیو ورده ورده هەنگاوی پێ دەهاوێشترا، گەر هەر کەسێك لەدواوەڕا سەیری بکردایە دەرکی بە گرانی هەنگاوەکانیو شپرزەیی دەکرد.

خۆر لە ئاوابوون نزیك دەبوّوە ئەویش لە ماڵە بێنازەکەی نزیك دەکەوتەوە، شارەکەیش پتر ڕووناکی لێ کەمدەبۆوە.

بە دەم ئەم هەنگاوانەی، کە لە هەنگاوی شەپرە لێدراوێك دەچوو ئاوڕی بەلای شانی ڕاستی دایەوەو سەیرێکی خۆری کرد، کە نیوەی لە ئاوابوون رووچوو بوو دەوروبەری خۆشی مەیلەو سووركردبوو، لەپێشەخۆیدا کەوتە دوان:

((ئای های بەخوای تۆش وەکو من لەبەر تەنهایی خۆتدا ڕەنگت هەلبزرکاوەو ڕەنگی خۆت بەرداوە، دیارە تۆش هەروەکو من خەمی تەنیایی و بێکەسی دایگرتووی، بەرەو شوێنێکیش شۆڕدەبیتەوە لەوێش کەسێك شك نابەیت دەست لە ملت بکات و ماندوویەتی ئەم گەشتە دوورودرێژەت بحەسێنتەوەو ئۆقرەیەکت پێ بگرێت!، بۆیە کە هەر ڕەنگ زەردو لەم هاتووچۆیەدایت. تۆ لە من بێکەس تریت و منیش لە تۆ بێکەستر... های لە خۆمان غەریبیێ...!))

خۆر کە پتر بەرەو ئاوابوون دەچوو ئەویش زێتر لەماڵەکەی نزیك دەبوّوە وەلێ ئەمجارەیان زۆر بەخەمگینی و دلگوشراوی، چونکە چاك دەیزانی کەس لە چاوەڕوانیدا نەماوە، جاران کە دەگەیشتەوەو هەر کە تەقەی لە دەرگاوە هەڵدەستاندو لەگەڵ چوونە ناو حەوشەوە هاوسەرەکەی لە باوەشی دەگرت و هێندەی بەخێر دەهێنایەوە هەموو ماندووبوونێکی لێدەتەکاندەوە، ئەوەندە توونديشی بەخۆوە دەگوشی مەمکەکانی لەگەڵ سینگیدا ڕکەی دەکردو هەستی بەتووند و تووڕتییەکەشی دەکرد،



لەبەر ئەوەش کە خودا منداڵی نەدابوونێ سینگ و مەمکەکانی جوانی و تووڕتی خۆی مابوو و نەگۆوێندرابوو.

ئاوڕێکی تری بەلای خۆر ئاوابوون دایەوە لە سووراتی ئاسمان بترازێ هیچی تری بەرچاو نەکەوت، ئەویش لەو کاتەدا دەستی گەییبووە دەرگایە ساردەکەی حەوشەی ماڵەکەی، ئەمجارەیان پێویستی بەوە نەدەکرد، کە لە دەرگاکە بدات، چونکە دەیزانی کەس لەو دیوەوە لە چاوەڕوانی ئەودا نەماوە، ساردایی قوڵپی دەرگاکە گەیشتە ناو دڵیو هێشاندی و خەفەتباریکرد، لێ هیچ چارەشی نەبوو ئەگەر ئیمڕۆ یا سبەینێش بۆ ماڵە بێنازەکەی نەهاتباوە، دەبووایە ڕۆژانی دواتر هەر بۆی بێتەوە.

بە دەست و پەنجەی لە رزۆکەوە کلیلەکەی بۆ کونی کردنەوەی دەرگاکە برد، دەتوت لە ژیانیدا کلیلی بە سویچی ئەم دەرگایەدا نەکردووە، هەرچەند بۆ کونەکەی ڕەوانە دەکرد لە دەوروپشتی گیر دەکرد، لە نیشان شکاندن کەوتبوو، کە خستییە ناوکونەکە.. ئەوسا دەرگای لە خەمەکانی خۆشی کردەوە.

٢٠٠٦/١٠/٢٨

# شــەیتان

جاده و شۆستەکان لـەبن پێیـەکانی کوتـاڵێکی نـەرمونیانبوو، هەنگاوەکانیـشی مقەسـێك بـوو بەمبـەر و بەوبـەری خۆیـدا کـەرتی دەکـردن، کـە دەگەیـشتە کـن ئەوانکەسان، کە دەیانناسی وەکو ئەوەی بۆن بۆگەنی لێبکەن دووریان لێـدەگرتو بـە یەکیان دەگوت:

((ئەوا شەیتان بە جادەکەدا دێت، دەبێ ئاگاداربینو خۆمان لەبیرنەکـەین نـەوەکو بەزمانە لووس و شەیتانییەکەی هەڵماغەڵەتێنێو خلیسکمان پێببـات و بمانخاتـە بـن رکێفی خۆی و بمانکاتە دار دەستەی خواستەکانی)).

((شەیتان بە شەیتانی خۆی دەرەقەتی نایەو، نایەوێ شان لە شانی بدات)).

((هەموو پاش نیوە شەوانێك شـەیتان دەچـێتە خزمـەتی و ئـۆینی سـبەینێکەی لێوەردەگرێ.. تا پیادەی بکات))

((پەلامیزەی بەلاچاوی شەیتاندا کردووە)).

رێکەوت لە پێگەیاندنی کەسـایەتی و لـە بەسەرخـستنی خواسـتو مرازەکانیـدا دەستێکی بالأی هەبوو، ئەمەشیان وایلێکردبوو لەسەر ئیـشەکانی مکوڕتربێـت. کـە بیرۆکەیەك یاخولیای جێبەجێکردنی کارێك دەکەوتە مێـشکی رێـك ئەنجامەکـەی بـە چاکی بۆ دەهاتەوە، خۆشی نەیدەزانی ئەو نهێنیە چییە وەها کارەکانی بەگوێرەی دڵی جێبەجێ دەکات و مەیسەر دەبێت.

خەڵکە ناسیاوەکە یا ئەوانەی بەسەر ئۆینی کـەوتبوون، کـە لـەجادەو رێگاکانـدا دەیاندیت، دووریان لێدەگرت و نەیاندەویست شان بەشانی تێپـەڕن. وایـدەزانی ئەمـە جۆرێکە لە رێزلێنانی کەیفی پێدەهاتو فیزی زلتر دەکرد.



جادە و رێگاوبان خۆیان لەبن ئۆینی رانەدەگرت، سەگێتی.. فێڵباز.. بەدغەمەل.. ئۆینباز.. زمانلووس.. شەیتانی، وەها رەوشت هێشتا بۆ کەسێتییەکەی کەمبوو.

هەر لە شەویشەوە مێشکی کۆمپیوتەر ئاسا بۆ ئیمرۆکەی بەرنامەیەکی ئامـادەو خەزنکردبوو، کە هێدی.. هێدی جادەکەی دەبڕی لەگەڵ رۆیشتنەکەیدا لەبەر خۆیـەوە دەیگوت: ((وایدەنا ئەوەی لە مێشکمدایە بهاتبایەدی))

لەدوا وشـەدا قـسەی براکـەی کـە لەسـەر زاری کەسـێکی کـەوەپێی گەیـشتبوو بەبیرهاتەوە یا لە گوێیدا زرنگایەوە:

((ئەمجارەیان چاوی واپێدەچێ بەرم نەدەن، دیارە زانیویانە مـن کردوومـە، ئەگـەر بەپەلە شتێك نەکەی بەم زووانە بۆ بەندیخانە گەورەکەی شـار دەمگوزانـەوە، خۆشـت دەزانی لەوێ هیچ ناکرێ، بۆیە تازوو بێت درەنگە، هەوڵەکانت بخەسەر پێـی و کـاری خۆت بکە تاکار لەکار نەترازاوە)).

خەیاڵ بردییەوەو وەکو ئەوەی رووبەڕووی وەستابێ ئاوها لەگەڵیـدا کەوتـە قـسە: ((لە شەوێوە خەمم بۆ خواردی و کارم بۆ کردیت... تۆ خەم مەخۆ، ئەم کارانـە هـەر بەخۆم بسپێرە، رزگارت دەگەم...))

بە جادەکەدا دەڕۆیشت پێلاوەکانی دەتوت دەمی سەگەو قەپی لە ریخەڵۆکی ئاژەل گیرکردووە، وەها قەیتانی پێلاوەکانی بە دوای خۆیـدا رادەکێـشا... جاردەکەوتـە بـن پێلاوەکانی جـاریش وابـوو وەکـو تـەزبێحی دەسـت گـەنجان لـە ئەمـدیوو ئـەودیوی پێلاوەکەیدابوو. گەیشتە سووچی دیواری لای رۆژهەلاتی پۆلیـسخانەکە، کـە نیـوەی بەشی دواوەی بەندیخانەبوو، دانەوییـەوەو بەدەسـت قـەیتانی تاکێـك لـە پێلاوەکـانی هێدی... هێدی دەبەستەوەو بە چـاویش دیقـەتی کۆلانەکـەی دەکـرد: ((ئـا... ئـا.. لەولاوە کۆلانەکە بەرەو بازاڕ دەکشێ، لەوێشەوە بەرەو ئێرە دێت.. ئەگـەر بـەدوامان کەوتن رێگەی دەرچوون فرەیە..)).

هەڵـسایەوە سـی هـەنگاوێك بـەرەو سووچـی رۆژئـاوای پۆلیـسخانەکە لـە رۆیشتنەکەی بەردەوامبوو، رێك بەرامبەر سووچەکە داوەرهاتەوە.. بە پەنجـەکانی

خەریکی گرێدانی قەیتانی تاکەکەی تربوو، بە مێشك‌و چاویش مەزەندەو تەخمینی لە کۆلآنی رۆژئاواش کرد:

((ئەم کۆلآنەشیان بەرەو گەڕەکی عارەبان دەچێت، ئەوێش هەمووی کۆلآنەو سەرو کۆتاییان تێك ئالآوە بۆ خۆبزرکردن و شاردنەوە پڕ پەناو پەسیوە، کابرای قاسیدیش بە مەبەستی پتر رێگە خۆشکردن ئاگاداردەکەمەوە.

یاللای لێکرد وردە.. وردە هەنگاوەکانی جادەکەی دەبڕی‌و مێشکیشی کۆمپیوتەریانە تەتەڵەی پلانەکەی دەکرد.

***

تەنها مێزێك نێوان موقەدەم و ئەوی کردبوو، چەندشت لە سەر رووی مێزەکەی نێوانیاندا هەبوو بە دەهەندە فرت و فێڵ و ئۆینی شەیتانییەوە مێشکی پێ قانگ دابوو هێندەی تریشی یەدەگ لە گیرفانەکانی نابوو، موقەدەم رووی قسەکانی تێکردوو گوتی:

- چۆنە جەناب..! وائێمەت بیرکەوتۆتەوە، لە نیوەڕۆکەی کە لە چێشتخانەکە یەکترمان ناسی گوتت دێم و سەردانت دەکەم...

- بەڕاستی دەمێکە دەمویست بێمە خزمەتت، بەلآم لەبەر سەرقاڵیم بۆم نەکراوە.

هەرچەند لە سەر را زۆر هێمن دیاربوو وەلێ لەمێشك و هەناویدا پرێمزێك بوو پرە پری دەهات.

- ئەمەشیان بە بەر دێخین... فەرموون ئەمرێك خزمەتێك

- ئەوی راستی بێت، خێرێکم لە خۆگرتووە.. پۆلیسەکانی تۆش بە شایستەی ئەوە دەزانم، چونکە شەو و رۆژ هیلاك‌و ماندوون.. مووچەشیان کەمە، بۆ تۆش سەر بەرزییەکە خێرەکە لێرە بکەین، گومانی تێدا نییە خێرەکە لەو دنیادا بەر تۆش دەکەوێ.

بێدەنگ بوونی موقەدەم ئەوی لە ناوەوە بە قسە هێناو بە چاویش سەیری دەمی دەکرد: ((خۆ ئەگەر بێتو قسەکەم رەتکاتەوە ئەوە ریسم لێدەکاتەوە خوری، ئەگەر رازیش بوو ئەوە وەکو مووی نێو ماست دەری دەهێنم و جلی پۆلیسێکیشی لەبەردەکەم.. هەرکەسێك گومانی لێمان کرد، دەیکەمە هات و هاوار فریامان کەون



ژانی گرتووە بابیگەێینینە نەخۆشخانەی فریاکەوتن.. بەم هات و هاوارانەوە گومانیان دەبڕم...)).

لەگەڵ جوولآنی لێوەکانی موقەدەم لە هەناوڕا هەستی لە خۆبڕی‌و چاوەکانی لە مۆلەق وەستا.

- رازیمە.

- دەمزانی، وەلآمی رێك هەر لە پیاوی چاك و خواناس دەوەشێتەوە.. سیمای تۆ لەوە ناوەشێتەوە رێگە لە خێربگرێت.

- دەی کاکە موقەدەم چەند پۆلیسن؟!

- چە... ـە... ندا!؟ پەنجا پۆلیس.

دوو زەرفی مەیلە و قاوەیی لە باخەڵی دەرکێشا، یەکێکیان لەویکەیان ورگنتر دیاربوو، زەرفە ورگنەکەیانی پێشتر دایە دەستی‌و گوتی:

- ئەمەیان بۆ پۆلیسەکانت هەر خۆشت بەسەریان دابەشی بکە، ئەمەشیان.. هەر خۆت.. ئا هەر خۆت بەجیا لای ماڵی خۆتان چ دەیبەخشییەوە چ بۆ خۆتان..، کاکە کەیفی خۆتە؟ شتێکی کەشمان ماوە حەزدەکەم خواردنێك بۆ پۆلیسەکان و بەندییەکانیش بێنم.. ئەمەشیان بەشێکە لە خێرەکەمان.. وازانیمان پۆلیسەکان پەنجاکەسن ئەی ژمارەی بەندییەکان چەند؟

لێرەدا وەکو دەستی لە خنخنۆکەی نرابێت یەکسەر بێدەنگ بوو. وەلێ لە ناوەوەیدا گوتی: ((قوربانیمان لە پێناو ئەم داوەتە داوە، گرنگ‌و دەستە گوڵەکەی لە ئەمەیانە، یەکەمینەیان خزمەتکار و پێناوی دووەمینەیانە، دەی شەکرێك بشکێنە!)).

- الاحسان بالتمام.

- ئای دەمخۆش.. دیارە بە هەشتی.. لە خێر و خێرات گەیشتووی.. دەی کاکەگیان بەندییەکان چەندن.. چۆنت پێخۆشە نانەکە بۆ نیوەڕۆبێت یان بۆ ئێواریێ..

- شتێكی وای بۆ نیوەڕۆ نەماوە ئێستا خواردنیان بۆ دێت.. بۆ ئێـواریێ چـاكترە، ئاگاداریشیان دەكەمەوە با نانەكەی ئێوارە نەهێنن و بۆ خۆیان بێت.

- دەمخۆش، چەند كەسن؟

- بە هەردوو لایان هەشتا كەس.

- با سەد بێت، خێر زیادبێت چاكترە.. تا ئەوكات خوداحافیز.

- خوداحافیز.

***

خۆر بۆ رۆشنكردنەوەی نیوەكەی تری دنیا دادەبەزی، تارمـایی شـەویش سـەبر.. سەبر شارەكەی لە باوەش دەگرت.. دەنگۆی هاتنی كەباب لەپێش بڵاوبوونـەوەی بـۆن و بەرامی، پۆلیسخانەكەی لە بنـەخۆ نـابوو، كـە بـۆنی كـە بـابی گـەرم خانـەكانی تامـەزرۆی پۆلیـسەكانی بـەجۆش هێخـست، لیكـاوی دەمیـانی هێنایـە خـواریێ و گێفرِكانێیان بە كەباب كرد، پشكی بەندییـەكانیش گەرماوگـەرم رەوانـەكرا، پـشكی موقەدەم و ئەویش لەسەر لایەكی مێزەكە داندرا.

- جەنابی موقەدەم تا نانەكە بەدڵمانەوە بنووسیێ ئەمر بفەرموو دەركەی گـەورەی پۆلیسخانەكە پێوەبدەن.

قسەكەی تەواو كردو نەكرد بە نیمچە پێكەنینێكەوە فرمانی قەپاتكردنی پێدان.

- جەناب لەبەر ئەوەی (زغتم) هەیە كەبابەكەی من كەم چەورو بیێ خوێیە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆت هەیە دەستی بۆ درێژبكەیت.

- پەح.. پەح! كەبابی چاكە هەر بۆنەكەی تێرت دەكات.

- جەنابی كاك.. موقەدەم، برات دەزانیێ كەبابی بەلەزەت لەكویێ هەیە، پیـاو یـا نەیكات یا ئیشی چاك بكات. نۆشتان بێت.

- خێری تۆش بنووسیێ.

- ئینشاللاً.. ئینشاللاً..

لە ناوەوەشیدا ئاوها وەلاًمی هەبوو:



((دەینووسیێ.. چۆن نایینووسیێ، ئەدی برا دەرهێنان لە بەندیخانە خێرنییە؟! ئەگـەر برا بە هانای براوە نەچێت كیێ بەهانایـەوە دەچـیێ! دەرمـانی ناوخواردنەكـەش خێـری دەنووسریێ.. ئەی چۆن! فریاد رەس هەر ئەوە، پێمگوتبوو هەر بە دەرمانی بێهۆشی و خاوكردنەوەی لەش، كەبابەكە بشێلی تا بۆ هـەموویان كاریگەرییەكـەی وەك یـەك و لەیەك كاتدا دەستپێبكات.. ئەی دەستت خۆش وەستای كەباب)).

پۆلیسەكان وەها پارووی گەورەو چەوریان بادەدا دەتوت ترسی ئەوەیان هەیە نان و كەبابەكەیان لە پێش هەڵبگرن، ملچەی دەمی هەندێكیشیان دەهـات، نیوكاژمێرێـك بەسەر خواردنەكە تێپەڕیبوو كە سەرەتای شەویان لێبووە نیوە شـەو و هەریەكـەو لـە شوێنەكەیدا خەوی لێكەوت یا خەوە نوتكە لاری دەكردنەوە.

سوار هەبووە لە سەرپشتی ولاًخ خـەو بردیتییـەوە، موقـەدەمیش لـە سەرپـشتی كورسییەكەی كەوتە خەویێ. لە بەرامبەر موقەدەم شەیتانێك راپـەڕی، لـە حەوشـەكە بەسەر لاشەی پۆلیسە خەوتووەكاندا گەیشتە ژووری پاسەوانەكان و كلیلی دەركەكانی برد. دەستیێ جلی پۆلیسی لەبەر براكەی كردو بـەهاریكاری هاوەڵەكـەی بەسەرپـشتی خۆی داداو وەكو مووی ناوماست دەریهێنا. دەڵێن شاركەس بەكەس نییە، ئـەوی بـە رێكەوت چاویشی لێبوویێ وایزانیوە پۆلیـسێكەو ژان گرتوویـەتی و بـۆ نەخۆشـخانە دەیفرِێنن.

٢٠٠٦/١١//٢٨

# لەپگـــــو

هەوەلین جار، کە ناو لەپە کۆپی کراوەکەم لەسەر دیواری ئاودەستی مزگەوتەکە بینی لام وەکو گیزەی گوللەی بووکانێ پێ ئاسایی بوو و بەهیچم هەڵنەگرت و بەکاری کەسێکی تام گێل و شێتۆکەم زانی. هەر کە شەرواڵەکەم بەستایەوە لە بیرم کرد. لەوشارەی تێیدا دەژیم ئاودەستخانەی گشتی تێدا نییە، لەبەر ئەوە بتەوێ و نەتەوێ ئەگەر تەنگاو بوویت چارت ناچارە دەبێ بۆ ئەوەی (قەرزی جوو) بدەیتەوە پێویست دەکات روو لە مزگەوتێك بکەیت. لە خوا بە زیادبێت روو لە هەر جادەو کۆلانێکی شارەکە بکەیت مزگەوتێکت دەکەوتە پێش کە بەرۆژ دەرگایان لەسەر پشتە، بۆ جێبەجێکردنی ئیشی سەر ئاو مەعتەل بوونی نییە مەگەر وەختی نوێژەکان نەبێ.. دوعای خێریشیان بۆ دەکەیت، کە دەرگاکانیان بە کراوەیی جێهێشتووە.

چەند رۆژێك پاش ئەو دیتنە چوومە ئاودەستی مزگەوتێکی تر دانیشتم و دانەنیشتم وێنەی ناو لەپی بەگو لەسەر دیواری ناو ئاودەستەکە کۆپی کرابوو، هەرچەندە کردەوە کە پیسوقێزەوەنە لێ ئەمجارەیان بەمەزەندە شتەکەم پێ ئاسایی نەهاتەپێش، وەلێ پێموابوو هێشتا پێوەندییەك لە نێوان کۆپی کردنەکەی هەر دوو مزگەوتەکەدا نییە. لەبەر ئەوە خستمە مل رێکەوت و بۆ ئەمیانم جێهێشت، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەو کەسە چۆن بێزی هاتووە دەست بخاتە نێو پیسایی خۆی و خەڵکانی کەش، بۆ ئەوەی ناولەپی لەسەر دیواری ئاودەستەکە کۆپی بکات، ئاخۆ ئەو رۆژە چۆن توانیویەتی نان بخوات. هەرچۆنێك بوو ئەمجارەشیان لەبیری خۆمم بردەوەو یا نەمویست زیاتر بیری لێبکەمەوە بگرە نەفرەتم لەو کردەوە پیسەکرد.

رۆژان هات و رۆیی و مانگ سووکە لە سووکە لە سالانی تەواو دەکرد، رۆژێ بۆ پرسەیەك چووم کە لە مزگەوتێکی دەوروبەری شاربوو، پاش چەند عەشەرە قورئانێك هەڵسام، ئەگەرچی زۆر تەنگاوی سەر ئاویش نەبووم، بەلام دیارە وەکو دەڵێن



هەندێجار هەستی شەشەم کاری خۆی دەکات، هەنگاوەکانم بۆ ئاودەستخانەکانی مزگەوتەکە چوون، کە دەرگاکەم کردەوە بۆنێکی کەسکون گەییە کونەلووتەکانم.. کە چاوم بە وێنەی دەستەکە کەوت بەهەمان شێوە لەسەر دیواری ئاودەستەکە کۆپی کرابوو ئەو چورەمیزەی پێشمبوو چۆرەی نەکردو هاتمەدەرەوە. مەراقی زانینی نهێنی ئەو کۆپی کردنی ناو لەپی بەگو لەسەر دیواری ئاودەستی هەندێ لە مزگەوتەکانی شار لەکنم پتربوو و سەری هەڵدایەوە. کارەکە لەوە دەرچوو بوو بڵێم ئیشی شێتان و گێلانە، لە دووبارەبوونەوەی کۆپییەکە لەسەر دیواری ئاودەستی گەلێ لە مزگەوتەکان دەستی ئەنقەستی کەتە ناوێ و لەبەر ئەوەش کۆپییەکە رێکییەکی تێدا بەدی دەکرا لەوەش دەرچوو بوو بڵێی لەبێ ئاویان دەستیان بەدیوار سڕیبێتەوە. بەبیرم دێت کە منداڵ بووم دایکم لەگەڵ خۆیدا دەیبردمە سەر مەرقەدو قەبری پیاوچاکان لەوێ دەمدی ژنان دەستیان بەخەنە دەکردو ناو لەپیان دەخستە سەر دیواری مەرقەدەکەیا کێلەکەی و کۆپییەکەی لەسەر بەجێدەما، زۆرجاران لە دایکم پرسیبوو کە بۆ ژنان وادەکەن، دەیگوت کورم مرازیان هەیە بۆ مرازی دڵی خۆیان دەیکەن، لێ خۆ ئەمەیان دەستی بەخەنە نییەو مەرقەد و قەبری پیاوچاکانیش نییە تا بیخەمە خانەکەی ئەوەوە.

واملێهات کە بەلای مزگەوتێکدا رەتبوومایە ئیشی سەر ئاوم ببوایەو نەبوایە سەرم بەیەکدوو ئاودەستیدا دەکرد، کە لە هەندێکاندا هەمان کردارم دەبینییەوە مەراقەکە دەبووە گرێکۆرەیەك و نەدەکرایەوە.

من کارمەندم لە یەکێك لەفەرمانگەکانی میری، دیارە لە بیرم چووبوو یا هەر مەراقەکە لە بیری بردبوومەوە کە لە پێشدا پێتان بڵێم، رۆژێکیان نووسراوێکمان بۆ هات، کە پێنج کرێکاری کاتیان بۆ فەرمانگەکەمان رەوانە کردبوو، ماوەیەکی پێچوو رۆژێك بەردەستی دایەرەکە هاتە لام و وتی شتێك هەیە نازانم چۆن چۆنی بیڵێم، هەرچەندی دەکرد دوو دڵبوو لە گوتنەکە.. گوتم هەر چییەکە بیڵێ تازە لەوە ترازاوە کە نەیڵێی، لێم نزیکتر بۆوە، خۆ هەر هەردووکیشمان بووین لێ زۆر بە ئەسپایی

ئەگەر خەڵکی کەش لە ژووریٚ بوایە نەیدەبیست کە پیٚمی گوت.. چوومەتە ئاودەست لەپیٚکی بەگو لەسەر دیوارەکە مۆرکرابوو، یەکسەر هەڵستامەوە سەرپیٚ پاشان دانیشتمەوە، بە بەردەستەکەم گوت دەرگاکە داخەو دانیشە، یەکسەر هاتە زەینم کە ئەمە ئیشی یەکیٚك لەو پیٚنج کریٚکارانەیە کە ماوەیەك لەوە پیٚش بۆ فەرمانگەکەمان گواسترابوونەوە، ئەمە هەر ئەو گریٚکۆرەیەو ئەو نهیٚنییەکە سالاٚنیٚکە سەرقاڵی کردوومە وا لەکنە خۆم سەری هەڵدایەوە.

تەگبیریٚکم بۆ کردو کە لە خۆم و خۆی بترازیٚ کەسیتری تیٚدا نەبوو، بەیانی بەردەستەکە هاتە لام و تیٚگەیاندم کە لە پاش هاتنەدەرەوەی فلانەوە چوومەتە ئاودەست شتەکە لەسەر دیوارەکە کرابۆوە... کابراکەی بۆ بانگ کردم، چۆن لەوەپیٚش ریٚکەوتبووین دەرگەی لەسەر پیٚوەداین.

زۆرم بەخیٚرهیٚناو قسەی خۆشمان کرد، لە پاشاندا پیٚم گوت فلانی من وەکو فەرمانبەریٚك قسەت لەگەڵدا ناکەم، بەڵکو وەکو باوکیٚك یا مامیٚك یا برا گەورەیەك، ئەگەر راستم پیٚ بڵیٚی زۆر ئاسایی وەریدەگرم و یارمەتیشت دەدەم، ئەگەر هەر تەنگ و چەڵەمەو ئاریشەیەکیشت ببیٚ هاریکاریت دەکەم، وەلیٚ ئەگەر نەیلیٚیوو لیٚم بشاریتەوە ئەوکاتە من دەبمە بەرپرس و تۆش کریٚکار هەموو شتیٚکت لەگەڵدا دەکەم، وەرە پیٚم بڵیٚ ئەو ناو لەپ بە... بەگو کردنە لەسەر دیواری ئاودەستەکان بۆ دەکەیت، لەگەڵ قسەکەمدا دیقەتی رەنگ و روویم دەکرد، هەستم بە گۆڕانی رەنگی دەموچاویکرد، وەلیٚ خۆی نەهیٚنایە سەر ئەمبارە و بیٚئاگایی لەم کردەوەیە پیشاندا، سەرم لە سەری هەڵنەگرت.. دیسان گفتم داییٚ، کە هیچ لە ئارادا نابیٚ، ئەگەر راستو دروست بیلیٚ، پیٚشم گوت کە سالاٚنیٚکە هەستم بەو کردەوەیە کردووە.. شاردنەوەشی ناویٚ من وەکو برایەك هاریکاریت دەکەم، داما.. وەکو کەوتبیٚتە ژیٚر باریٚکی قورس یەکدوو هەناسەی قوڵی هەڵکیشاو گوتی پیٚت دەڵیٚم، بەلاٚم حەزدەکەم لە خۆم و خۆت بترازیٚ کەسیکە نەیزانیٚ، دڵنەواییم کردو ئەوسا گفتم داییٚ و کەوتە قسەکردن:



- من لە خیٚزانیٚکی هەژارم، کەسم لە خۆم هەژار ترو سەرگەردا نترو لیٚقەوماوتر نەدیتییە، لەوکاتەی فامم کردووە خۆم لە ناو شەڕی باوك و دایکمدا دیتوە، هەرچەند هەراش دەبووم شەڕی ئەوانیش گەورەتر و قۆڕتر دەبوو، نەشمدەزانی شەڕەکەیان لەسەرچیبوو، هەموو بەیانیان لە جیاتی نانخواردن کە زۆر لە بەیانیشانیش نەمانبووە قوزە لقورتم دەرخوارد دەدرا.. کە ناردرامە (مەکتەب)یش وەکو منداڵی خەڵك رۆژیٚك چییە پارەم بیٚنەبووە، لە مەکتەب منداڵانم دەدیت دەچوونە (حانووت)و دەستیان لە گیرفانیان دەناوشتیان لە حانووتەکە دەکڕی و دەیانخوارد، منیش دەستم لە ناو گیرفانی بەتاڵدابوو، سکم بەخۆم دەسووتا و لە ناوڕا بۆ خۆم دەگریام، هەر ئەوەندەم پیٚدەکرا لە سووچیٚکەوە تەماشایان بکەم، چۆن شت دەکڕن و دەخۆن، لەسەر دڵم بوو بە کە سەر ئەوساو ئیٚستا شتیٚکم لەویٚ پیٚنەکڕا. ئەوەی بەبەر دەوامی وەکو سیٚبەر لەگەڵمدابووە شەڕەکەی باوك و دایکمو نەبوونییەکە بوو. باوکم ئەوەندە خراپ بوو لەگەڵ دایکم باسی ناکریٚ.. چەندەها جار نییەتی ئەوەم کردووە لەکاتی نووستنی باوکم یا نەخۆشکەوتنی بەکیٚردیٚك بکەومەگیانیو پەل پەلی بکەم، یاخوت بالیفیٚکی بخەمە سەردەمی و بیخنکیٚنم، وەلیٚ لەوەیان دەترسام کوشتنەکەم پیٚ تەواو نەکریٚ و خراپتریش بیٚتەسەری. ئیٚوارەیەکیان وەکو هەموو رۆژانی تر باوکم کەوتە تیٚهەڵدانی دایکم.. پاشان قژی گرت و رایکیٚشایە ئاودەستەکە، باوکم دەستی بەگو کردو لەدەموچاوی دایکمی هەڵسوی...

منیش لە بیٚدەسەلاٚتیان هەر بە دەوریاندا دەسووڕامەوەو بۆ دایکیشم دەگریام. لە پاش ئەو کردەوەیە هیٚندەیتر رقم لە باوکم ئەستوورتر بوو و بیٚزیشم لیٚدەکردەوە، قەت وەکو باوك نەدەهاتە بەرچاوم، بیرۆکەی کوشتنیشی هەر لە میٚشکمدا بوو، بەلاٚم دەمزانی دەرەقەتی نایەم بۆیە لیٚی پەشیمان دەبوومەوە، نازانم چەند پاش رووداوەکە بوو رۆژیٚکیان چوومە ئاودەست، دەموچاوی باوکم هاتە پیٚش چاوم و وازی لیٚنەدەهیٚنام، منیش دەستم بەگو کردو ناو لە پم بەلایەکی روویەوە نووساند، لەو کاتەوە ئیتر خدووم پیٚوەگرت، هەرجارەی شیٚوەی باوکم لە ئاوەدەست لیٚ پەیدابوایە

بەدەستەگواوییەکەم دەموچاویم مۆردەکرد، تەسـکینی و هێوربوونەوەیـەکم بەخۆشـم دەدا.

کە بێدەنگ بوو، دیار بوو قسەکانی کـاری تێکردبـووم، منـیش ویـستم بـۆ ئـەو دانیشتنە دوو قۆلییەی ئێستامان دڵی بدەمەوەو رامی بکەمو خۆشییەکیش ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت بیخەمە دڵیەوە... بۆیە پێمگوت:

- دەزانی ئـەو ئێوارەیـەی کـە باوکـت وای لـە دایکـت کـرد، بـۆ شـەو باوکـت دەموچاوی دایکتی جوان شووشت و ماچی کرد. لێـی پرسـیمو گـوتی چـۆن دەزانـی وایکردووە. منیش لەوم پرسی ژنت هێناوە گـوتی نـەء، گـوتم کـە ژنـت هێنـا ئـەو نهێنییەت بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەوە نهێنییەکە تەنها ژنو مێرد دەیزانن.

٢٠٠٧/٣/١٣

لە گۆڤاری (کاروان) ژمارە ٢١٦ ساڵی ٢٠٠٧دا بلاۆبۆتەوە.

# تووڕەبوونی ئاسمان

(١)

هەور بە ئاسمانی شارەکەدا لە تووڕەییان ئۆقرەی بەخۆوە نەدەگرتو رەش رەش داگەڕابوو، هەردەهات پتر ئاوسی پێوەدیار دەبوو وسکی پڕتر و گەورەتر و قوڕستر دەبوو. پێدەچوو چیتر هەوا نەتوانێ بە ئاسمانێوە رایگرێت.. وردە وردە سکی پڕی بەرەو عاردی شۆڕدەبۆوەو دەیویست بزێت. بۆرو چڵکنی و رەش داگەڕانی هەوەرەکە دەتوت رەش و پیسی نێو هەناو و دڵانی دانیشتوانی شارەکەیە دووکەڵ ئاسا بەرزبۆتەوەو لە هەورەکەی داوە کە رەشتر و رەشتری داگەڕاندووە، کە نەك بەچاوی رووت لێ بەدوور بینیش نەدەتواندرا ئاسمانی شینی پشت هەورەکە ببیندرێ. هەورەکە دەیویست تۆفانێکی تر دابێنێت و پیسو پاگژ بەیەکەوە رامالێت.. کاتێ بروسك عاردی رووناك دەکردەوەو گرمەی تووڕەییەکەشی هەر جارەی کە لایەکی شارەکەی دەهەژاندو دەیتۆقاندن.. هەر بابا بوو لە شوێنەکەی خۆیدا بێ ویستی خۆی رادەچەڵەکی و دەیگوت:

- ئای باوکە ناوکم کەوت.
- وای دایکە ڕۆ خانووەکەمان رما.
- دیارە ئاخیری زەمانەو کۆتایی هاتنی ژیانە.

منداڵانیشی لە کۆشی دایکان دەپەستایەوەو چاویان دەنوقاندنو زریکەیان لێبەرز دەبۆوە.

تۆفانی (نووح)ێکی تربوو لە شارەکەدا ڕاببوو و هێنابوویە هەژانو ترسو لەرز، جگە لەوەی، کە دەتوت ئاسمان دڕایەو ئاوی لێدێتە خوارێ واتدەزانی لەبن عاردیشەوە ئاو دێتەدەرێ و هەڵدەقولێت، ئاو لە راستاییەکاندا دەگەیشتە چۆکان، تەوژم کەوتبووە نێو بۆڕی زێرابەکان و قەپاغی سەرمەنهۆڵەکانی فرێدابوو، زێرابەکان لە جیاتی ئاو قووت بدەن لە دەرکی مەنهۆڵەکانەوە ئاو وەکو نافوورە لە ژێرەوە بە بارستایی نیوەزەلامێك بۆ سەرەوە ئێقی دەکرد بەردەوامیش لە هێلنجداندابوو.



لە شارەکەدا ئاسمان تووڕە.. ئاوتووڕە.. باتوورە.. خەڵکەکە تووڕە بوون، وایسەر لە دانیشتوانی شارەکە تێکدابوو، کە برای دەرکێ بە دەرکێ بۆینەدەکرا بەهانای یەکترییەوە بچن، هەندێکیان ئاگرەسوورە لە خۆم دوورەیان رەچاو دەکرد، ئەوجا چ لە ترسان یا لە بێ دەسەڵاتیان یا لەحیزییان بووبێت.

چەندەها گەڕەك ئاو بەبنە خۆیدا.. ئاوسەر پردەکان کەوتبوو رێی لە خەڵکی ئەمبەر و ئەوبەری بەستەکە بەستبوو، دەوڵەت بە دەوڵەتاتی خۆی بەو هەموو توانا و دەسەڵاتەیەوە بەرامبەر تووڕەیی ئاوەکە دۆشدامابوو سەری لێتێکچووبوو نەیدەزانی بۆ چ گەڕەك.. یاکام جادەو شەقام.. یاخود کامە پرد پەل بکوتێت، لە بێدەسەڵاتی خۆی و تووڕەیی عارد و عاسمان مرۆڤێکی شەپڵە لێدراوبووکە بەگۆچانیش توانای رۆیشتنی تەواوی نەبوو.

خەڵکی شارەکە وایاندەزانی ئاو و ئاگر لەژێر عاردییەوە بۆیان هەڵقوڵاوەو دەرچووە، تابییان هێنێتەوە سەر رێگەی راستانو هۆشیشیان بێنێتەوە بەرێ، لافاوەکە ئەوەندە خەست و شێل و قوڕاوی بوو دەتوت هەزارەها کارگەی دۆشاوی کونجی دەرکیان بەناو شارەکەدا لێخراوەتە سەرپشتو فیچقەیان لێکردووە وا شاریان بەبنەخۆدابوو.

کەلوپەلی ماڵان لە بەفرگرە.. جل شۆر.. نوێن.. لانك بەمناڵی ساواوە لافاوەکە دەیهێنان و دەیبردن، ماشێن بەگەورەو بچووکییەوە شەپۆڵەکان هەڵیگرتبوون.

لەگەڕەکەکان شڵپەی خانوو و دیوار بەسەریەکدا کەوتن لەگەڵ هاڕە هاڕو هاژەو شوڕەی لافاوەکە تێکیدەکردەوە.. ئەوەیەکە دەڵێن (ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیشی هاتەسەرێ).

لەو ئان و ساتەپڕمەترسی و ناخۆشییەدا کابرایەکی دنیادیتەی بەساڵاچووی بێدەسەڵات لە پێش خۆیەوە بەبۆڵە بۆڵەوە دەیگوت:

هەمووی خراپەی خۆمانەوا بەسەرماندا دەبارێتەوە! بە گوێرەی گوناهەکانمان بێت هێشتا کەمە، دەبوو بەردو تەورداسمان بەسەردا ببارێت.. ئەوساگەر پاك ببوینایەتەوەو بۆ سەر رێی راستان بگەراینایەتەوە!.

لەو حەلاوەلایەدا، هەبوو بۆ خەڵکە لێقەوماوەکە گریانی دەهاتو هیواش هەبوو، کە جێگەی قایمبوو ئاو نەیگرتبۆوەو قوونی تەڕنەببوو بەخەڵکە بێدەسەلاّت و داماوەکە پێدەکەنی و لە پێشەخۆیەوە دەیگوت:

- بۆ خانووی خۆیان بڵند نەدەکرد، نەیاندەزانی رۆژی وایان لە پێشە... بابیخۆن.

ئەوانکەسان گوێزیان لە گیرفانی خۆیان دەژمارد و لافاوەکەش بەهەوەسیان هارو هاج ببوو.

کە زارکی دوو کووچە یادوو شەقام بەرامبەر یەکتری دەبوون لافاوەکە لە هەردوو زارکەکە شێتانە دەهاتن و هەرچی یەکیان بکەوتایەتەپێشیّ گسکیان دەدا، هەردوو ئاوە شێتەکە لەو سەرە کووچانەوە یان شەقامەکان کە دەگەیشتنە یەکتری بەرانانە شەڕە قۆچانێیەکیان دەکرد و قۆنکرەیەك شەپۆلی تەوژماوی و تووڕەتریان دروستدەکرد، وەکو لافاوەکە مەبەستی بیّ بڵێت ((ئاواتان لێدەکەمو چاکو خراپتان رادەماڵم شەلم کوێرم ناتان پارێزم، ئەگەر ئازان دێنە پێشیّ.. دیارە تێناگەن! ئەی لەوە پێشیّ ئاگادارم نەکردنەوە! لە رۆژئاواتانەوە هەڵنەسام و تێکوپێکم نەدا، لە رۆژهەلاّتەوە خانوو مەڕومالاّتم بە بنەخۆنەدا.. پردم لیّ نەرووخاندن.. کەند و لەندم پڕ کردنەوەو رێم بەهەندەکان گۆڕی و سەرومالّم لووشی قووتدان.. سەرم لە ئاقلّ و بێئەقلاّن شێواند.. بێدار نەبوونەوە. منیش بەهەوەسی خۆم ئاواتان لێدەکەم)).

هاروهاجی لافاوەکەکە بە کۆلاّنە تەسك و تروسکەکان و خوارو خێچەکاندا هوروژمی دەبرد، دەتوت شۆفەلّ و دەبابەی سەدامە کەوتۆتەگیان کوردان و گوندییان خاپوور دەکات و رایدەمالیّ، ئاوها دیوار و خانووی بەسەر یەکتردا دەڕماندو شلّپەی لە ئاوی لافاوەکە هەلّدەستاند و تووڕەتری دەکرد و خەلّکانی سەرگەردان و سەر لێشێواوتر دەکرد، هەر ئەوەندەیان پێدەکرا زوو بەخۆ رابگەن و پەلی ژنو منداڵیان بگرن و هەلّێن، ئەگینا ئەنفالیان دەکات و دەبنە بەردی بن گۆم.



## (٢)

هێشتا ئەمبەر و ئەوبەری بەستەکە بۆن و بوونی شاری بە خۆوە نەدیتبوو کە لافاو دەمێکبوو مێژوویەکی لە زوورگەکانو لە دەشتەکە بۆ خۆی تۆمارکردبوو، ئەندازیارێکی خۆڕسکی لێنەهاتووش بوو لە هەڵکەندنو قۆلکردن و خوار و خێچکردنی رۆخەکانی بەستەکە، کە شارەکە لە هەردوو رۆخی دامەزرا، ئەو دەستێکی بالاّی لە دوو بەشکردنەکەیدا هەبوو.

بەستەکە لە رۆژهەلاّتەوە سەری بەناوشارەکەدا کردبوو، لە هەندیّ شوێندا تەسكو لە شوێنیدیدا بەرین دەبۆوە، لە شوێنێکیدا بەراستی رۆیشتبوو و لەولاترییەوە نیوە بازنەیەکی بە شارەکەی رۆخ بەستەکە دروستکردبوو، پێشەوەی لە رۆژئاوای شارەکەدا دەرچێت زیگزاکێکی کردبوو، ئەوجا رووەو دەشتەکە ملی بۆ درێژکردبوو.

لە شارەکەدا خانوو بە هەردوو لای رۆخی بەستەکە دروستکرابوو، لە هەندیّ شوێندا نێوان دیوار و خانووەکانو رۆخی بەستەکە مەتر تامەتر و نیو دەبوو، لە هەندیّ شوێنیشدا وایلێدەهاتەوە جێگەی پێیەك دەبۆوە، خەڵکەکە بۆ هاموشۆکردن بەو لێوارەدا دەهاتن و دەچوون، لە هاویناندا لە هەر شوێنێکیدا بیانویستایە دەیانتوانی لیێبپەڕنەوە، وەلیّ لە زستاناندا زێیەکی فیّ لێهاتوو بوو، کە گوێی بەکەس نەدەداو دەبوایە لە پردەکان بپەڕنەوە.

سیّ پرد ئەمبەر و ئەوبەری شارەکەی بەیەکەوە بەستبۆوە، یەکیان لە رۆژهەلاّتی شارەکەبوو.. دووەمینەیان رۆژئاوای شارەکەی بەیەکەوە گرێدابوو، پردی سێیەمینەیان لە ناوەڕاستی هەردوو پردەکە لەم دوادواییەدا دروستکرابوو، رۆژهەلاّتی شارەکە هەڵەتوپەلّەت و زوورگ بوو لە زستاناندا، کە بارانی پەلّەی یەعقووبی و سەر بەکلاّوە ئەوێی دەگرتەوە، یا لە بارانی بە هاراندا.. لافاوی گۆڕینە هەلّدەستاو بێبەزییانە رووەو شارەکە هەرەسی دەبردو بە سەرپشتی هەر سیّ پردەکە دەکەوت و رێی لە خەلّکی هەردوو بەری شارەکە دەبەست، نەنیشتبوایەوە نەیاندەتوانی بپەڕنەوە.. جار وا هەبوو شەو بەسەر لافاوەکەدا دەهات و دەبوایە لە ماڵە خزمانیان بمێننەوە.

گەر لە پردی ناوەندینەیانەوە تەماشای رۆژهەلاٚتی شارەکە بکرابوایە، رۆخی بەستەکە لە هەندێ شوێنیدا وەکو (هیرقەل) سینگی دەرپەڕاندبوو و ئەوە خانووەکانی ئەم لێوارەش هاتبوونە پێشێ، لێ، لەو شوێنانەیش کە رۆخی بەستەکە چووبۆوە ژوورێ دەتوت هەناوی زەلامی برسییە یاسیلدارە قۆپایتەوە ناوەوە، ئەوە خانووەکانی ئەوێ بۆ ناوەوە کشابوونەوە، ماکی ساڵەهای لافاوەکە ئەو خوارو خێچییەی بەرۆخ و بە خانووەکاندا بەخشیبوو.

ئەو بەشە بەستەی، کە لەنێو شارەکەدا مابۆوەو کەوتبووە رۆژئاوای پردی ناوەندێ.. ئەوەشیان وەکو بەشەکەیتر لە دەست کاریگەری سروشت، کە نەخشەسازی خۆی لە رووی خوار و خێچکردن و بەرینو تەسکییەوە کردبووی بێبەری دەرنەچووبوو.

لافاوەکە ئەوەی باشبوو لە رووخاندن و ئەنفالکردندا جیاوازی بەماڵی کەسدا نەدەکرد، ماڵەخواو ماڵە بەندەی خوای بکەوتایەتە پێشێ، ئەگەر بەرگری خۆراگرتنی تێدا نەبوایە شتێکی هەرلێدەکردو مۆر و ئاسەواری خۆی بەسەریاندا جێدەهێشت.

٢٠٠٧/٢/٥

لە گۆڤاری (کاروان)دا بلاٚوبۆتەوە.

# خەوی پاش مەرگ

وەکو یەکێك لە ڕۆخی خەڕەندێکەوە رایانگرتبێ ئێستا نا ئێستا لە دواوەڕا پالێکی پێوەدەندرێت و تووڕ دەدرێتە بنی بنییەوە لەم دوادواییانەدا ئاوا ژیانی کەوتبووە تالووکە، حەوانەوەو ئیسراحەتی لەبەر بڕابوو، زەندەقی چوو بوو.. عارد لە بنی پێی خڕببوو ئۆقرەی لە هیچ شوێنێك نەدەگرت، رووی لە هەر شوێنێك کردبا دەیگوت ئێرە ئەو شوێنەیەکە ئەوکم پێدەگرێت، رووی لە هەر کوڕو دانیشتنێ کردبوایە پێیوابوو خۆ غافلکردنەو هەر دێتو دێت.. لەکنی سەیرو عاجباتی بوو خەڵکەکەی دەدیت پێدەکەنین و دەتریقانەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت ئەمانە فێڵ لە خۆیان دەکەن وەکو من ترسیان لێهاتووە وەلێ لە بیر خۆیان دەبەنەوە، ئەوەنییە هەندێکیان کش و ماتو بێدەنگن.. ئەوە نییە هەندێکیان روویان لە ئاسمان کردییەو دەپاڕێنەوە، ئەوا داوا لە خوا دەکەن لێیان بەدوور بگرێت و تووشیان بە تووشی نەکات و ژیانی رووناکیان لەبەین نەبات.

رۆژ بەرۆژ کێش و قەبارەی روو لە کەمبوونەوەو گچکەبوونەوە دەکرد.. خواردن.. خواردنەوەی وەکو جاران نەمابوو، قسەو گفتوگۆی روو لەکەمی بوو، هەردەم ژیانی وی هەورێکی بۆری چڵکن بەری رووناکی لێگرتبوو، نە بەکەس و نە لەکن کەس دڵی ئاوی نەدە خواردەوە، ترسی لە خەویش پەیدا کردبوو، بۆیە بەرەبەرە خەوی کەمتر دەبۆوە.. یا نەیدەوێرا بخەوێ.. لە هەر شوێنێ باس ببوایە ئەو باسە یا ناوی گوێ لێبوایە فشاری هەڵدەستاو جێگاکەی بەجێدەهێشت.. گوێ لێبوونی ئەو ناوەی لێدەبووە دوژمنی باب کوشتەی. زۆرجاران خەڵکەکە گوێیان لێببوو گوتبووی ئەگەر بزانم چ کات رووم تێدەکات دەمدایە بەر گوللەی (برنە)وو هەرەتەم دەکرد و لە خۆم وەدوور دێخستەوەو لەو ئاقارانەم نەدەهێشت، یان گوتبووی وایدەنا بە زیندیتی چاوان بیاندایەتە دەستم ئەوجا دەمزانی چیم لێدەکردو چۆنم دەکردە پەندی زەمانەو دەبوایە تۆڵەی باب و باپیرانیش و ئەو خەڵکەی هەموو لێبکەمەوەو هەقی کەسی لەکن نەیەڵم.



ترسەکە، وەك مەرگەمووش پێوەی نووسابوو تەشەنەی سەرەتانبوو لە بیر و هۆشی لە هەناویدا رەگی داکوتابوو بەکوللی بابەتان لێینەدەبۆوە، ژیانی لێکردبووە هێڵنجی دوای خواردنێکی گەنیوی ترشاو، هەناسەشی برکی دەکردو کورت و درێژی تێدەکەوت وەکو ئەو کەسەی کە بەناو دوو کەڵدا بڕوات ئاوابوو.

خەو و خۆراکی لە ژن و منداڵەکانیشی حەرامکردبوو، شەوان کە بە جووتە لەگەڵ ژنەکەیدا سەریان دەکردە سەرسەرین نەیدەهێشت ژنەکەی بخەوێ، دەیوت دەبێ تا من بە ئاگابم نابێ تۆش بخەوێ، ژنەش وەکو هەموو شەوانی پێشوویان دەبوایە قسەکانی وەکو قەوان بۆ لێبداتەوە، پیاوەکە ماندوو هیلاکم رۆژ راکە راکەی ناوماڵ ئەگەر بە شەویش نەخەوم دەفەوتێم لە بەین دەچم، ئەوکاتە تۆش بەجارێ سەرگەردان و لێقەوماو دەبیت.. تۆ بەخۆت ترسی.. ژنەکەشی نەیوێرا ناوەکەی بهێنی، لێنیشتووە من چبکەم!، چاك نییە هاوسەرینتمو تا لە توانام دابێ خەم و ئازارەکانت دەرەوێنمەوەو دەردت سووك دەکەم، لێ خۆت وات لە خۆ کردییە ئەوەی تۆ لێیدەترسی یەخەی بە هەموومان دەگرێت، کەس نییە لە دەستی رابکات، برا گەورەی هەموومانە، پیاوی چاکبە ئەم داڵغە و خەیاڵاتانە لە مێشکی خۆت دەرکە، ئەگەر دەرکە قەپات کەی لە پەنجەرەوە بۆت دێت، ئەگەر هەردووکیشیان قەپات بکەیت هەر لێمان دێتە ژوورێ، گەر بکرابوایە مەرگم بەپێش مەرگی تۆ دەخست.. دەمەوێ ئارامبیت و بخەوی چیتر لە فیکران روو مەچوو هەر ئەو بینەو بەردەیە ئەتووی بە فەیز گەیاندووە...

هەموو جاران و هەموو شەوان، کە با گۆی قسەکانی ژنەکەی دوو بارەو سێبارە هەر بەوە رەتدەکردەوە، کە دەیگوت، نا.. خەو بەشێکە لە...، خۆیشی جەسارەتی ناوهێنانی نەکرد، خەو گچکۆکەیتی، کێدەڵێ کە خەوتم جارێکی تر قیت دەبمەوە، نا.. تا بۆمبکرێ و خۆم پێ بگیرێ ناخەوم، خەویش خزمی ئەوەو هەر لەو دەچێت.

شەوانە کە دووبار و سێباری شەو رادەشکا ئەوەندەی ململانێو زۆرانیێ لەگەڵ خەوەنوچکەدا کردبوو هیلاکی دەکردو جەستەی بەرەو خاوبوونەوە دەبردو وایدەزانی

بۆبنی ئەوبیرەی ناو حەکایەتەکان شۆڕدەکرێتەوەو دەبتە خۆراکی ئەو داکە دێوەی کە لە بنی بنەوەراکشاوەو مەمکی راستی کەوتۆتە سەرمەمکی چەپی و بە قەپێك بۆی دەبێتە تیکەیەکی چەور و ئاسان.

کەدەمەو بەیانییان زوو بە ئاگادەهات بۆ وی دەبووە خەوی پاش مەرگ و ئیتر ئەو بەیانان چیتر نەیدەوێرا خۆی لە قەرەی خەو بداتەوە.

زۆر جاران ژنەکەی لەبەر خۆیەوە وەکو وڕێنەکردن یا کاتێ دەستی لە ژنە جیرانێکی هاوکوفی خۆی گیردەبوو هەر بۆ سووکردنی باری دەروونی خۆی ئاوها دەکەوتە قسان.. خوشکۆکە لەگەنجێتی ئەو خوو رەوشتەی نەبوو، دڵی بەدنیا زۆر خۆشبوو زۆر بە قسەو گفتبوو.. پیاوی ناو پیاوان بوو، هەر کۆڕ و دانیشتنێك ئەوی تێدابوایە مەجلیسەکە بەرونەق و بەزەوقتردەبوو، لەگەڵ پیاو ماقوولاندا پیاوی سولح و سولحکاری بوو، لە شین و شاییدا سەر دەستەی پیاوان بوو، ئێستا کونێش بەدەگمەن بەشدارییان لەگەڵدا دەکات، خۆ ئەگەر بچێش دوو قسان ناکات، ئەوە لە پرسەشدا ئەگەر لە شەرمی دنیا بچێت، ئەویش پێمەوابێ فاتیحەکەش تەواو ناخوێنێت و هەڵدەستێت، وادەزانی عیزرائیل هەر لەوێ رۆحی دەکێشێت! هەر چەندە بە تەمەنتریش دەبێت زێتر پێوەی دیارەو پتر ئۆقرەی نامینێ و لە هیچ شوێنێکدا ناحەوێتەوە، ئەو قسەیەی زۆر پێناخۆشەو زۆر لێیترساوەو زەندەقی پێچووە، کە دەڵێن لەمنداڵی بۆ جاحێڵی لە جاحێڵیش بۆ پیری لە پیری کێوە!؟ ئەوجا ئەو زەندەقی لە ئاخیرەکەی چووە، هەر چەندی دەکەمو دەکەم پێمناکرێ لە کەللەی دەرکەم.

لەم دواییانەدا وایلێهاتبوو کە لە پێش مزگەوتەکان چاوی بە پەڕۆ رەشی پرسە دەکەوت ئەترەشی دەچوو وەکو ئاژەڵی چەمووش لێی دەرەوییەوەو تا بۆیکرابوایە پشتی لە مزگەوت و پەڕۆیە رەشەکەی پرسەکە دەکرد.

ژیانی بەوڕادەیە گەیشت لە دەنگ و رەنگی مردن سڵ بکاتەوەو لە هەرکوێیەك نیشانەی پرسەو مردن هەبێت لەوێ دوور بکەوێتەوەو نەبینرێت، هەر بۆیەکە لە هاتوچوونیدا رێگەی لە خۆ دوور دەکردەوەو بەپشتی مزگەوت و کۆڵانەکاندا



دەڕۆیشت، تەنها بۆ ئەوەی پەڕۆ رەشی تازییەکان کە لە پێش دیواری مزگەوتەکاندا قایمدەکرا نەیبینێت. ترسەکە ترسی ئەو دنیای تاریك و مەنرەبوکە، حەوسەڵەی پێ نەهێشتبوو و چیقلدا نۆچکەی گچکۆکە کردبۆوە، گەر لە هەر شوێنێ دابنیشتایە باسی مردنی لێبکرایە دەیگوت توخوا گەر باسی شتێکی دی نەکەن.. دە ئەو باسە بۆ قسەیەکی خۆش بگۆڕن، ئەگەر هەر نا ئەوە خێرا بۆی هەڵدەستاو بەپێلاوەکانی رانەدەگەیشت.

ژیانە ئاساییەکەی نەمابوو و تاڵداگەڕابوو.. رووناکی لە دڵو دەروونیدا کوژابۆوەو ببووە شەوە زەنگ، کە ئاسمانی ژیانی رووناکی تێدا نەبوو هەیڤەکەشی هەردەم تەنێکی تاریك بوو، جڵەوی هەڵستانو دانیشتن و گوزەرانی جارانی لەدەستدابوو، تێکڕای لێبووە مەینەت.

لە رۆخ و لێواری خەرەندێکەوە دەهەژایەوە هاکانا هاکا بۆبنی بنەوە دەخلیسکێتو عزرائیل هەر لەرێوە تەوقی مردنی لە مل دەکات.. خۆیشی چاك لە خۆی گەیشتبوو، چاکیش دەیزانی سەری لەخۆیو لەژن و منداڵەکانیشی شیواندووە.

دەمژمێری ژیانی بەسفت و سۆو ئازارەکانییەوە هەر لە چرکە چرکو سووڕانەوە دابوو. درەنگانێی شەو کە لەگەڵ خەوو خەوەنوچکەدا هەروەکو شەوانی پێشووی لە ململانێدابوو، ململانێیەك لە ترسی نووستن، چونکە نووستنی بەمردنێکی گچکۆکە دەزانیو زەندەقو زراوی لێچووبوو و دەیوت دەترسم لە خەوەکەمدا راست نەبمەوەو بمرم.. لەو حەلاندا ژنەکەی کەوتبووە خەویکی خۆش، کە لە پێشدا لە ئێشکدابوو، ئێشکێك کە خەوەنووچکەی تێدەکەوت، ئێشکێك کە خۆشیو ترشی بوایە دەبوایە شەوانە تادرەنگێ بیگرتایە، هەر لەبەر خاتری ئەوەی مێردەکەی بکەوێتە نێو جێگەو بالنگانێکی ئاسوودەوە، لەگەڵ ئەو ماندووبوونەی رۆژیشیدا کە لە بەیانییەکەوە وەك پەروانەی دەم (با) لە جووڵە نەدەکەوت، شەوانەش دەبووە ئێشکگر و دوکتۆرو پەریستانی.. دەبووە دکتۆری دەروونی و دڵنەوایی دەکردەوە. جار جارە لە خەوەکەیدا نەرمە پڕخەیەکی دەکرد، جارجارەش پڕخەکەی نەدەماو بەنزمێکی دیدا دەگۆڕا، هەر

دوو لێوەکانی دەکەوتنە لەرینەوە دەتوت ژێی ئامێرەکی مۆسیقایەو دەلەرێتەوە.. دەنگێك وەك پیفوو.. پفو.. پوو دەردەچوو جار دەتوت رەژوو گەشدەکاتەوە دەبووە فوو.. ففووووو کە فووەکە لە ناوەڕاستی لێوەکانییەوە دەهاتە دەرێ و هەردوو لاقولنچکیشی نووسابووە یەکترییەوە، دیسان دەبۆوە پڕخەو جاریش وابوو دەبۆوە فوولێکردنەکە وەلێ بەپیتی (پ) دەنگەکە لە نێوان لێوەکانییەوە دەردەچوو.

کاتێك هەموو نزمەکانی پێشووی گۆڕا، دوو لرخە لرخی بۆ کرد سینگی بە شێوەیەکی نائاسایی بەرزونزم بۆوە، کە لەوەپێشی ئەم جوولانەی نەبوو وەکو ئەوە وابوو بۆری هەناسەی شتێکی تێکەوتبێ دەهاتەگیربوون.. ماسوولکەکانی ملو گەردەنی دەهاتنە دەرپەڕینو دووشا دەماری پەنا گوێیەکانی رەپ دەبوون و خاوو دەبوونەوە، رەنگی دەموچاوی شین و مۆر هەڵدەگەڕاو سووراتی تێدا کەمتر دەبۆوە، لالغاوەی کەفی دەردا، ئەو هێندەیتر ترسی لێ غەڵبە بوو خەریکبوو جێیبهێڵێت و رابکاتە دەرێ، لە چرکەیەکدا راکەی گوڕا، دەستی خستەسەر نێو چەوانی، ساردی نێو چەوانی لێدەبووە تەزوویەکی سارد لەتووکی سەرییەوە دەستی پێکردو لەسەری پەنجەکانییەوە دەرچوو، دەتوت جەستەی بەر تەزوویەکی کارەبای دوو سەدو بیست ڤۆڵتی کەوتییەو رایهەژاند.. رایچڵەکاند وەکو ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی ئەعصاب دەبن و کارەبا یان لە سەری دەدەن... ئاوها راچڵەکاندنەکە کاری لە ناو مێشکیدا کرد.. هێوربوونەوەیەك بەدەمارو رەگەکانی جەستەیدا گەڕاو باوەشی لە ژنەکەی وەریناو بەسینگی خۆی وەنووساند.

٢٠٠٨/٢/١٩

# کورتیله چیرۆك

# خەمی شەوێك

لە حەژمەت بێ خەوییەکەی هانای بۆ ژنەکەی برد تا لایلایەی بۆ بکات، کە ئەمیان لە گەرمەی پڕخوهۆڕی خەودابوو، هانا هەر ئەوەندەی بە ژنەکە کرد، کە پشتە دەستێکی خێواندێ، وتی: ((توخوا خەوەکەم لێ تێکمەدە)).

بەیانی، ژنەکە زۆر بە پەرۆشەوە رووی لە پیاوەکەی کردو وتی: ((بە قوربانت بم... ئەوە بۆ شەو خەوت لێنەدەکەوت؟!)). پیاوەکە هەر لە حەژمەت شەوەکە هەناوی پڕ لە قسە بوو، وەلێ هەر ئەوەندەی وت: ((راست ناکەیت تۆ نیوسەعات خەوت بە قوربان نەکردم جا چۆن خۆت بە قوربانم دەکەیت؟!)).

٢٠٠٦/٣/٢٠

لە نووسەری نوێ بلاّوبۆتەوە.

***

# سیما

پلەی فەرمانبەرێتییەکەی وایلێکردبوو، کە لە بازاڕ و جادەو کووچەو کۆلانــەکانی شاریان تۆراندبوو، مەگەر بە خەون یا بە خەیاڵ قەرەبووی ئەو دابڕانەی بکردایەتــەوە، لە پڕ دەردێکی کوشندە یەخەی پێگرت، کــە لــە خــۆی گەیــشت دەردی بێدەرمانــەو چارەو مەفەڕی نییە، ئەوجا کەوتەوە سووڕان بە جادەو گــەڕەك و کۆلانــەکانی شــار.. ڕۆژێکیان لەو گەڕان و سووڕانەیدا ڕووبەڕووی هاوەڵێکی بۆوەو لێیپرسی:

- چۆنە وا لە جادەت دەبینم؟

- دەزانی...،

ئەو دەمە چاوەکانی، کە بە قووڵداچوو بوون لە ناو قۆرتەکانیاندا وەکــو ڕادار بــە دەوروبەری سووڕاند...

- دەزانی.. دەمەوێ پێش ئەوەی بمرم.. سیمای شارەکەم ببینمەوە.

٢٠٠٦/٤/٧

لە نووسەری نوێ بلاّوبۆتەوە.

# خەم

# پاریز

# خەم

بێئەوەی هۆیەکەی بزانێت سەری دنیای لێ وێکهاتبۆوە، وێکهاتبۆوە لێی سەری دنیا، خەم لە پەنجەی پێیەکانییەوە تا تووکی سەری گرتبۆوە، لە تووکی سەریەوە تا پەنجەی پێیەکانی خەمی لێدەباری.

٢٠٠٦/٩/٨

# پارێز

دکتۆرەکە پێی وت دەتوانی هەموو شتێك بخۆی تەنها خەم مەخۆ، ئەویش بە دکتۆرەکەی وت دەتوانم لە هەموو شتێك پارێز بکەم تەنها لە خەم نەبێت.

٢٠٠٦/٩/٨

# کانی

# دڕك

## کانی

خۆی خستە ئامێزی ژنێك بەو ئومێدەی خـەمی بڕەوێنتـەوە، نـەیزانی کـە هـەر ئامێزەکە بۆ خۆی کانی خەمان بوو.

٢٠٠٦/٩/٨

## دڕك

دەستی بۆ گوڵ درێژکرد، دڕکێك لە پەنجەی چەقی.

٢٠٠٦/٩/٨

# دەردە دڵ

((!))

## دەردە دڵ

ئەو فرمێسكانەی، كە لە چاوەكانی دەهاتنە خوارەوە، هەمووی بۆ بەزمان لێستەوە، سەرەڕای ئەوەی كە لەوەپێش تووشی دەردەدڵی كردبوو.. تووشی تەوژمی خوێنیشی كرد.

٢٠٠٦/٩/٨

## ((!))

ئەو... م، مر... د.

٢٠٠٦/٩/٨

# پێشمەرگە

# سەرپەل

## پێشمەرگە

- کوڕەکەم هەتاماوم نەمردووم بانەوەی خۆم ببینم و بەقسەی دایکی خۆت بکـەو ژن بهێنە.

- دایەگیان پەیمانبێ دڵت نەشکێنم، وەلێ ئێستا تۆ بڕنەوێکم بۆ بکڕە، کە کـورد رزگار بوو هەردوو شاییان بەیەکەوە دەکەین.

- کوڕەکەم دوعای دایك لە پەنای خۆت بگرێ، بەلاّم توخوا لە پێشمەرگایەتی پێ لە تەختەی چرووك نەنێی.

## سەرپەل

سەرپەلەکە رووی لە مێرد منداڵەکە کردو وتی:

- کوڕم تۆ هێشتا منداڵی پێشمەرگایەتی ئەرکێکی قوڕسەو بەرگـەی راکەراکـەو برسێتی و ترس ناگریت. زۆر جاران عارد رادەیەخینو ئاسمان بەخۆ دادەدەین...

- دەزانم.. دەزانم، بەردیش بالیفمانە.

## ب... پ

## دیل

## بیسمیللا

## ب... پ

لەناو جەرگەی شەڕدابوو هاواریکرد:

- بژی پێشمەرگە.

## دیل

پێشمەرگەکە لوولەی بڕنەوەکەی لە قەپرغەی سەربازەکە گیرکرد.

سەربازەکە هاواریکرد:

- توخودا مەمکوژە یەك پیرە دایکم هەیە چاوی لەڕێمە.

- هەڵسە! پێشمەرگە دیل و زەلیل ناکوژێ.

## بیسمیللا

پێشمەرگەکە لە پەنا گابەردەکە توورەگەی نانەڕەقە وردەکەی دەرهێناو سەری مەتارە ئاوەکەشی کردەوەو بیسمیللای کرد.

زام

یەك

## زام

زامی پێشمەرگەکە زۆر سەختبوو، شەڕیش زۆر گەرمبوو گوللە بەگوللە دەکەوت، زامدارەکە رووی لە هەڤاڵە پێشمەرگەکەی کردو وتی:

- تو خوا مەیەلە بکەومە دەستی دوژمن.

- مەترسە یا هەردووکمان بەیەکەوە دەمرین، یانیش بەیەکەوە دەردەچین.

## یەك

یەك لەیەکی پرسی:

- ئەوە چییە؟!

- پێشمەرگەنە... شایی سەرکەوتنیانە.

# حاکم

# گوند

## حاكم

حاكمەکە بڕنەوەکەی بە تەنیشتییەوە هەڵپەساردو قەڵەمەکەی دەرهێناو رووی لــە پێشمەرگەی پاسەوانی دادگا کردووتی:

- جەمەدانییەکەی لەسەر بکەنەوە..،

پاشان رووی قسەی لە تاوانبارەکە کرد:

- بۆ دادگای شۆڕشی کوردستان ئاشکرابوو تــۆ چــەندەها جــار دوژمنــت بردۆتــە سەرماڵە پێشمەرگەو بەگرتن و ئیعدامکردنت داون.. بۆیــە دادگــای شــۆڕش بڕیــاری خنکاندنی دایت.

## گوند

ریش سپییەکەی گوندی رووی لە خەڵکەکە کرد و وتی:

- لەسەر هــەموومان فــەرزە، کــە پێــشمەرگە هاتنــە گونــدی بیانحەوێنینــەوە و خزمەتیان بکەین.

# دايك
# باوك

## دایك

دایکە شەهیدە جەرگ سووتاوەکە رووی لە پێشمەرگەکان کردو وتی:

- من لە دارەتی دنیایێ تاقە کوڕێکم هەبوو ئەویش شەهیدبوو، ئێستا.. هەموو پێشمەرگە کوڕی منن.

## باوك

شەو بەدزییەوە چەند پێشمەرگەیەك تەرمی شەهیدەکەیان هێنایەوە گوندی و ناشتیان، بڕنەوەکەشیان دایە دەستی باوکی.. باوکەش دایەوە دەست نەوەی کوڕی شەهید.

٢٠٠٧/١/٢٤

# (دار)

# له (٢١) كورتيله چيرۆكدا

**(١)**

(دار)ێکی بە چەند گەڵایەك بەکرێگرت خۆی و ماڵ و منداڵەکەی تێدا حەواندەوە.

**(٢)**

مامۆستای دەست بەدار کەوتە بەندیخانەی (محطە)وە.

**(٣)**

کابرا گوتی قوتان نینە، دار بەدەست مامۆستاوە نەما، قوتابیش کەوتە هەلەکە سەما.

**(٤)**

دارێکی لە بازاڕکڕیو شوێنە بەتاڵەکەی باخچەی پێ پڕکردەوە.

**(٥)**

دارەکە سێ ساڵەی تەمەنی تەواو کرد، ئومێدی ئەوەی لێدەکرد بەربگرێ، لە پڕکرمێکی لێ پەیدا بوو.

**(٦)**

لەوەتەی شەڕە قسەو شەڕە مۆبایل و شەڕە گوللە پەیدابوونە، شەڕە دارکەوتۆتە خانەی کەلەپوورەوە.

**(٧)**

هەیە بەیەك دار دەڕوات، هەشە بەدووان بەڕێوەدەڕوات.

**(٨)**

خستیانە ناو دارە مەیتەکەو بەرەو گۆڕستانیان برد.

**(٩)**

ئەگەر دار نەبوایە کەشتییەکەی (نوح) پێغەمبەریش نەدەبوو.



**(١٠)**

دار لەمن و لە تۆ مەلەوانترە.

**(١١)**

کە شوانەکە شەرتەکەی نەبردە سەر، (گۆچان)و غەرگەو پێڵاوەکەیان لێ ستاندەوە.

**(١٢)**

دار برای پشتێی پیرە.

**(١٣)**

بووك ژووری نووستنی داری دەوێت.

**(١٤)**

کە دیتی دارەکە هەردوو سەری پیسە، دەستی بۆ نەبرد.

**(١٥)**

سەردەمانێك تفەنگی دار شووشە رۆژیبوو.

**(١٦)**

دار، کەرە، دارتاش نۆتەکەی بۆ دروستکردووە.

**(١٧)**

گوێز بەو گچکەییەی خۆی شۆرەتی بۆ دارەکەی پەیدا کردووە.

**(١٨)**

کە زانی ماڵەکە سەگیان هەیە دارەکەی لەبیرنەکرد.

**(١٩)**

بۆیە دارم خۆشدەوێ، چونکە ئالآی کوردستانی لە بەرزی ڕاگرتووە.

**(٢٠)**

من شوانم بەگۆچانەکەوە جوانم.

**(٢١)**

دارەکەی پەللار کرد، گوتی دیارە پەللارم ڕاستە، بۆیە بۆ ئایندەی تەقەتی کرد.

لە نووسەری نوێ ژمارە (٣٧) مایس ٢٠٠٧ بڵاوبۆتەوە.

# تەزبێح

# تەزبێح

ژوورەکــە ببــووە نیمــچە دیوەخانێــك.. دانیــشتوانەکەی بــۆ مــەرامی قــسەو گفتوگــۆکردن دوو دوو و ســێ ســێ ببوونــە گــرووپ و ســەریان لێــك نزیکردبــۆوەو قسەیاندەکرد، تەنها ئەو نەبێ نەلەلای راستییەوەو نـە بـەلای چـەپییەوە هـاودەمی نەبوو.. دەمێك سەیری ئەم گرووپ و دەمێك سەیری ئەو گرووپی دەکرد، بـە ناچـاری دەستی بۆ گیرفانی بردو تەزبێحەکەی دەرهێناو کەوتە دواندنی.

# زینده‌خه‌ون

## زیندەخەون

لە زیندەخەونەکەمدا مردبووم، لە ناو دارەمەیتێك و لە مزگەوتێك دایاننابووم تا قـەبر ئامـادە دەبێـت.. لـە نێـوان چـاوەڕوانی تـەواوبوونی قەبرەکـە هەنـدێك لـە ئامادەبووانی ناشتنم بەهەنجەتی نەخۆشـیو کارێکـەوە بـۆی دەخـزین و مزگـەوتیان چۆڵدەکردو بەجێیاندەهێـشتم، تـەنها دۆسـت و هاوەڵـە راسـتەقینەکانم مابوونـەوە، ئـەوانیش بـەنۆرە شـانیان دەکـردە بـن دارەمەیتەکـەو فرمێـسکی ئەمەکـدارییان دەهاتەخواری.

کاتێ کە بـۆ نـاو گڵکۆیـە کـە شـۆڕیان دەکردمـەوە.. ترسـی قـەبرو ئـەو دنیـا رایچڵەکاندم و لە زیندەخەونەکەم بە ئاگـا هاتمـەوەو لـە پێـشەخۆمدا گـوتم ((دەبـێ پێداچوونەوەیەك بەهاوڕێکانمدا بکەم و چاکو خراپیان لێکجودا بکەمەوە)).

# ئەودنیا

# ماچ

# مردن

## ئەودنیا

گەرماکە داروبەردی سوورکردبۆوەو هەناسەی ئادەمیانی تەنگو سوارکردبوو، ئەویش ئارەقەی پشت ملی دەسڕی و لەبەرخۆیەوە گوتی: ((ئەی لەو دنیا.. گەر گەوتمە شوێنە گەرمەکە چۆنی دەگوزەرێنم!؟)).

## ماچ

ئەوەندەی خۆشدەویست هەموو بەیانییان بەماچێکی لێوەکانی بە ئاگای دەهێنا.

## مردن

یەك بەیەکی گوت: ((دەزانی سەری دنیام لێ وێکهاتیتەوە)) ئەویکەش لێپرسی ((خێرە بۆچی؟!)).

لەوەڵامدا گوتی ((لە مردن دەترسم و پارەیەکی قەبەشم پێکەوە ناوە)) ئەمیش پێیگوتەوە ((دەنا هەر دەمریت)).

# نه

# ژن

# خونچه

## نه

باوکەکە بە کوڕە جەوانەکەی گوت: کوڕم نەگەنجێتی.. نە بۆنی خۆش.. نەجوانی.. نەماڵ.. نەدنیا.. تاسەر بۆ کەس نامینێ.

## ژن

ژنەکـە مـەمکی دەدایـە منداڵـە سـاواکەی و بـیر و هۆشیـشی لـەکن مێـردە نەخۆشەکەیبوو.

## خونچە

گوڵ بەخونچەی گوت: ((بەخۆت مەنازە منیش سەروەختانێك خونچەبووم)).

# کۆتر

## هیوا

## بەسەرهات

## کۆتر

کـۆترە نێـرە و مێیەکـە دنـدوکیان لـە ناودنـدوکی یـەکترنابوو و هـەر بووغـە بووغیانبوو.

## هیوا

کە ڕێچکەکەی گرتەبەر لەو سەرییەوە هیوای تێدا بەدیدەکرد.

## بەسەرهات

((بەسەرهات)) وردە وردە چیرۆکی خۆی بۆ (رۆژگار)) دەگێڕایەوە.

# دایك

# ئاوێنە

# دایك

پیاوەکە گوتی ((بۆیە کە ژنم خۆشدەوێن، چونکە دایکم لە تایفەی ئەوانە)).

# ئاوێنە

کە چووە پێش ئاوێنەکە، ئاوێنە لە بڕی پیشاندانی سەر و سیمای، شریتی ژیانی رابوردووی بەتاڵ و شیرینییەوە لەسەر رووە لووسەکەیدا یەك بە دوای یەکدا وەکو فیلمی سینەما بۆی هەڵدەدایەوەو پیشانی دەدا.

٢٠٠٧/٧/١٣

لە گۆڤاری هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٢٤) لە ٢٠٠٧/٨/٧ بڵابۆتەوە.

# وفـــــاا

**(١)**

که لافاوەکە هەستا هەرچی کەوتبووە پێشی بە چاك و خراپییەوە بە بـەهێز و بـێ هێزییەوە بەخانوو و خانووچکەوە بەریشەو بێ ریشە، گشتیانی رامـاڵی و لـە کەنـدو قۆرتانی کردن.

**(٢)**

قسە راست و تاڵەکانی لە قورگە بەهێزەکە هەڵقەنا، لە نێـوان هـەردوو لێوێـەوە دەرچوو و لافاویکرد، هەرچی قسەو قسەڵۆك و قـسەی لـووس و پـووس و داتاشـراو کەوتنە پێشی رایماڵی و بێدەنگی کردن.

**(٣)**

حەقو حەقخواز و راست و راستخوازان رژانە شەقام و لافاویان هەسـتاندو حیـز و میزەکانی دایە پێش خۆی و شار بەدەروو شاپترێنیان کردن.

**(٤)**

هزر و بیری ئازاد و نیشتمان پـەروەر لافـاویکرد، بیرۆکـەی کۆنـە پەرسـت و بـیر تەسك و ماستاوچی و کارە لاتر قە وچەکانی دایە پێش خۆی و لە بەسـتی هـەولێری کردن.

**(٥)**

بیژی و هەتیمچە لافاویان هەستاندو راوە دووی پیاو و پیاوەتیان نا، هـا لـەوێ.. ها بۆ ئەوێ.. تاملی خۆی شکاند.



**(٦)**

نابەجێ و نارەسەنەکان یەکیان گرتو بـە شـار و شارۆچـکەکاندا لافاویـان کـردو، جێگەیان بەڕەسەن و رەسەنایەتی چۆڵدەکردو هەورازیش دەبوونەوە.

**(٧)**

خەڵکانێك لەلافاوەکان دەترسان، نەوەکو ببێتە لافاوەکەی ئەوسای شاری سلێمانی و پیتاکی بۆ خڕبکەنەوە.

**(٨)**

تۆفانێکی (نوح)انە بەڕێوەیە.

لە گۆڤاری (مێرگ) ژمارە ٢٧ ساڵی ئابی ٢٠٠٧ بلاّوبۆتەوە.

# مـــێ

# مێ

تازە بێوەژن کەوتبوو لە تەنیاییدا نەدەحەوایەوەو دەکەوتە فیکرانەوە، تەنیاییەکە خەمێك بوو تەونی بە دەوریدا کێشابوو و کاری کردبووە سەر هەست و نەستی و بیروهۆشیشی داگرتبوو.

کچەکەی چوو بووە ڕێی خۆی و کوڕەکەیشی ماڵی خۆی کردبوو. ئەو چەند مانگەی کە تەنیشتی خۆی بە چۆڵی دەدیت، بەتایبەتیش لە شەوەکاندا، ئەوە تەنیاییەکەو بێ هاودەمی لێ دەبووە تاریکولسەلاتو وایدەزانی جنۆکەشی لێ خڕبووینەوەو هەرچەندی دەکرد لەگەڵیدا رانەدەهاتو ئۆقرەی لەبەر بڕیبوو حەوانەشی نەمابوو.

بیری لە خۆ کردەوە، دەشیزانی هێشتا دڵی نەمردووەو پێویستی بە پیاوێکە تەنیاییەکەی بڕەوێنتەوەو.. جلە ڕەشەکانی فڕێداو ڕۆژانە تیفتیفەی دەکردو خۆی دانووساندبوو، بەڵکو ژنێك.. کەسێك بێتو قسەیەکی خێری بەگوێدا بچرپێنی.

# نێـــر

# نێـــــر

ساڵێك پتر بوو ژنەكەی مردبوو، حەزی لە ژن هێنانەوە بوو و مۆزەمۆزی دەكـرد، هەر جارێ كە باسی لەگەڵ كچەكانیدا بهێنایە گۆڕێ، لێی لالووت دەبـوون و خۆیـان مڕ و مۆچ دەكردو دەیانگوت ((ناهێڵین و نارازین ژن بێنی و قایل نـابین ژنێكـی كـە بێتە جێگەی دایكمان، هیچ ژنێك بە شایستەی ئەوە نازانین ببیتە دایكمان)).

ئەویش حەوسەڵەی ئەو قسانەی نەماو ڕۆژێ ئەو كـچانەی كـە مێردیـان كردبـوو لەگەڵ كچەكەی ماڵێیدا دانیشانو پێـی گـوتن: ((وابڕیارمـدا ژن نـەهێنم!)) كـچەكان شاگەشكەبوون و نەیانهێشت قسەكەی تەواو بكـات هـەموویان بەیـەك دەم گوتیـان: ((ئەلحەمدولیلا)).

((بەڵام...!))

هەموویان بە بەڵامەكە واقیان وڕمـا و سـەیری یـەكتریان كـرد، پاشـان سـەیری باوكیان كردەوە...

یەك لە كچەكانی گوتی: ((بەڵام))

باوكە قسەكەی دەستپێكردەوە: ((ئەوەی مێردی هەیە دەست لە مێرد و منـداڵی هەڵدەگرێو، ئەوەی كچیشە مێردناكاو ئیلەلاو بڕایەوە)).

هەركە قسەكە تەواو بووو نەبوو، كچەكان بەرەو ماڵە مێردیان لێژبوونەوە، كـاتێ تیچاوێكیشی دایە كچەكەی ماڵێی رووە تاڵەكەی شیرین كردبوو.

لە گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژمارە (٣٩)ی ٢٠٠٧ بلاوبۆتەوە

فیـلـــــــــم:

# خۆری دەم کەل

پێداچوونەوەی

کەریم دەشتی

## سکێچی سەرەتا

**هیوا** : وەرە گوڵەکەم با ئەو دڵەی خۆم بخەمە بەر شنەبای فێنکی قسەکانی تۆ...

**تاڤگە** : هەروایە، ئەم ژیانە بێ ئەستەمی و زەحمەتی تامی هەنگوینی نابەخشێ...

**هیوا** : ئێمە دەتوانین ئاسانی کەین، ئاسان کردنی ژیان بەندە بەرکەگرتنی مرۆڤ...

**تاڤگە** : پێم وایە ئاگری مەبەستی دوژمنان بۆ ئەوە هەڵگیرساوەکە گەماڕۆی ئارەزووە مرۆڤایەتییەکان بدەن...

**هیوا** : لەگەڵ تۆ یەکجار هاوسەرنجم، چونکە ئەمن پێموایە ژیانیش ئەو جۆرە ئارەزووانەی لێ بترازێنی بەهای نامینێ...

**هیوا** : دەستەپاچەیی جۆرێکە لەو هەوڵەی کە دژی مەبەستی قسەکانمانە...

**(بە نەرمی و لەسەرخۆیی)**

زۆرم گۆرانی گوت

هەموو تێکەڵ بە هەوا بوو

ئێستا ئارەزووی ئەم گۆرانییانە

منداڵیم زیندوو دەکەنەوە...



**تاڤگە** : ئەمەشیان هەر مەبەستە، مەبەستی دوور، مەبەستی بێ دەنگیو تەقینەوە...

**هیوا** : بیرم کەوتەوە... دەبێ بچم...

**تاڤگە** : لە بەدواکەوتن پەلە مەکە، بڕیار ئەنجامی گەرەکە...

**هیوا** : سەفەرەکەم بڕیارە بۆ ئەنجام، ئەنجامە بۆ بڕیارەکانی دیکەم...

**تاڤگە** : ئەگەر بینیت سلاوی منی پێ بگەیەنە...

**هیوا** : مادامەکی ئەتۆ لە دڵم دابیت، خوێنی من گەرمی مەبەست دەبێ...

**تاڤگە** : دەترسم.

**هیوا** : ئەو ترسەش بەشێکی گەورەی مەبەستی من دەورە دەدات، هانم دەدات، شکۆفەی قینم لە دوژمنان دەکاتەوە...

# سکێچی یەکەم

## بەڕێ کەوتن

**هاوسەفەر** : ئەوە بۆ کوێ دەچیت کابرا، ئەوەندە بە پەلەیت.

**هیوا** : وەڵلا بەتەمای سەفەرێکم بۆ ئەو گوندە.

**هاوسەفەر** : ئێ باشە تۆ ئێستا بویتە خەڵکی شار، چ کارێکت بەگوندەوە هەیە؟

**هیوا** : بابە، ئەم دونیایە پێویستی بە زۆرشتان هەیە زۆر حەزدەکەم سەرەکی لەو خزمانە بدەم.

**هاوسەفەر**: بەخوا پیاوی، کوڕم دەوێ ئەمڕۆکە لە خزمان بپێچتەوە؟!

**هیوا** : باشە دەڵێم ترومبێل بۆ ئەو گوندە ناچێ؟

**هاوسەفەر**: ترومبێل زۆرە! بەلاّم ئەم ڕژێمە نەگریسە قەدەغەی کردووە دەڵێ نابێ ترومبێل بستەك لە جادە لابدات.

**هیوا** : باشە: ئەگەر لابدا چی دەبێ؟

**هاوسەفەر**: وەڵلا قوربان ئەو بنکە سەربازییەی لای دەربەندەکە تۆپ بارانی دەکات، خۆ رەنگە خۆشت باش بزانی کە کۆپتەری نەفرەتیش لە ئاسمانی خۆی خۆش نابێ و دەڵێی بەکرێی گرتووە!



**هیوا** : وای دەنا هیزە، موو لەسەر دڵی ئەوانەداشین بایە کە ئەم کارە ناڕەوایە دەکەن.

**هاوسەفەر**: کوا لۆ ئەو ڕۆژەی، خۆ دەڵێن ئەوەی بەردێکی لەسەر رێگا لابدا، کارێکی گەورە دەکات، بەلاّم تۆ وەرە سەیرکە چۆن ئەو ماخۆ مردیانە رێگا و بانیشیان نەهێشتووە! کانیاوەکانیشیان تەقاندۆتەوە!

**هیوا** : قوربان پشیت فراوان بێت، پێشینان گوتویانە ئەوەی یەکێکی کوشت، خۆی کوشت! ئەوەی مالآن کاول کات رۆژێ دێت ماڵی کاول بکرێت.

**هاوسەفەر**: بەڕاستی قسەکانت بەجیّو ڕێنە، کوڕە خۆ ئەوە گەیشتمە گوندی، ئاگام لە رێی هەر نەما!!

# سکێچی دووەم

## گوند

**هاوسەفەر**: دەفەرموو هیوا بابچینە ماڵەوەو تۆزێ بحەسێەوە ئەوجا برۆ؟

**هیوا** : گەلەك مەممنون- خوا ئاگادارت بێت، دەبێ بچمەلای ئەو خزمانە، زۆر بە پەلەمە، خواحافیز...

((لێك دادەبڕێن(( هەریەکەو بۆلایەك (هیوا) ڕوو لە ماڵە ناسیاوێك دەکات)).

**هیوا** : سەلام وعەلیکوم - بەخێربێن، بەخێربێن... چۆنن چاکن... . عەلیکومو سەلام و سەرچاوان یاخوا بەخێربێن...

**هیوا** : سوپاست دەکەم، ئەگەر بزانی دەبێ مامۆستا لەم ناوە بێت؟

وەڵڵا، وابزانم لێرەبوو، ئەمڕۆکە خۆم بینیم، شەو دەتوانی بیبینی.



# سکێچی سێیەم

## ماڵی مەبەست

**هیوا** : لە دەرگایەك دەدات، (دەرگایەك سەرەتای ڕووداوەکان بەیەکەوە گرێی دەدات و ئایندە بەدیاردەکەویت).

= : ئەوەکێیە؟

**هیوا** : خۆمانین- میوانی مامۆستاین.

= : کێی جەنابت؟

**هیوا** : هەڤاڵ هیوا.

= : ئەها، فەرموو، فەرموو (بەژووردەکەوێ)

**هیوا** : ئەم کاتەت باش قوربان، چۆنن- چاکن...

= : یاخوا بەخێربین، بەڕاستی لەکاتێکی باش هاتی، ئەێ برالە چۆنی چۆن؟ دەنگ و باستان، هەواڵی شار لە چیدایە.

**هیوا** : وەڵڵا بڵێم چی، قوربان؟، نەهامەتی کەوتۆتە بینە قاقای ئەم خەڵکە هەژارە هەرماڵێك بۆنی ئەوانی لێ بێت تێك دەدرێت یا دەستی بەسەردا دەگیرێت، پیاوانی بەدرەفتار بوونەتە تاعونێك و بەرەلای ئەو ناوەکراون، یا ئەوەتە تاوانێکت بۆ هەڵدەبەستن، یا بە بیانویەك دەتگرن یا لە ختو خۆڕایی تووشت دەکەن و دەتکەن بە پەندی زەمانە. بە هەرحاڵ بە ئاسانی وازت لێ ناهێنن، هەمیشە بەرووی خەڵکیدا دەڕشێنەوە دەڵێی لە هەورێکەوە دەبارن کە چڵکنو ڕوشێتی خۆی لە مەرگی بێ گوناهان سەندووە، ئەمانە بۆ ئەوە خولقاون کە بەختەوەری مرۆڤ هەنجن هەنجن بکەن.

- هەرچەندە پێشم خۆش نییە بڵێم، بەلاّم لەبەر ئەوەی نیاز وایە تاریك و ڕوونی بەیانیان بەرێ بکەوم بۆیە حەزدەکەم بزانم خێرە کە تەشریفت هێناوە؟

**هیوا** : وەڵڵا قوربان چیت لێ بشارمەوە، هاتوم ببم بەو مرۆڤەی کە ساڵە هایە لە ناخمدا خەونێکی ئەرجەوانییە ببم بەو کەسەی کە لە مێژە منداڵیمی بە ئایندە بەستۆتەوە.

– ئێ برا باشە، ئەدی ئێستاکە چیت؟ هەر لەو مرۆڤە بە جەرگانەنیت کە هەمیشەگیانیان لەسەر دەستە؟ دیارە ئەو وەڵامەی بۆم ناردبووی بەدەستت نەگەیشتووە؟

من وام پێ باشە تۆ هەر لەسەر کاری نهێنی خۆت برۆیتو بەردەوام بیت. چونکە ئێمە زۆر پێویستیمان بەتۆو هەڤاڵەکانی دیکە هەیە، کە لە ناو شاردا ئیش بکەن کاری ئێوە لە ناوشاردا لەکاری ئەوانی دیکە زەحمەت ترە، ئەوەی کە نووسیبووم پەیڕەوی بکەن و جێبەجێی بکەن؟ هەڤاڵ (باهیر)و هەڤاڵ (پەیام)یش لێرەن. پەیوەندی یان پێ بکەو بەیانی پێکەوە بگەڕێنەوە بۆ ناو شار هەڤاڵ (ئازاد)یش لەو بەری ڕێگاکەوە بە ترومبێل چاوەڕێتان دەکات.

**هیوا** : بەڵێ زۆر چاکە. بەرژەوەندی چۆن دەخوازێ وا دەکەین.

– دەك ئافەرینتان لێ بێت، ئەمەیە ڕەوشتی مرۆڤی ڕاستەقینە. نووسراو و بلاۆکراوەکانیش بەسەرشانەکانی شار دابەش بکەن.

**هیوا** : بەڵێ قوربان، بەچاوان



## سکێچی چوارەم

### بەرەو شار

**باهیر** : ئەوەتە لە دوورەوە بۆنی ئەو کوچە و کۆڵانانە دەکەم کە بۆ یەکەمین جار منداڵیمی لە باوەش دەگرت، بۆنی رووبارو باخ و درەختەکانی شاردەکەم، دەزانم شار ئێستا کە تەمی گرتووەو بۆنی زریانی لێ دێ، ئای شارەکەم...

**هیوا** : با ئەو خەونانە، خەونی شادی بن، خەونی رووبار و خەونی ساماڵی بن، با ئەو خەونانە بەرگی نائومێدی لە جەستەی ئێمە ورد ورد ڕاماڵێ...

**باهیر** : نووسراوەکان زۆرچاك و لە شوێنێکی تەقەت بشارنەوە. دەترسم ئەمڕۆکە سەیتەرەکە ئاگری گرتبێ و توندبێ؟

**هیوا** : وەڵڵا منیش هەروای بۆ دەچم، بەلاّم ئینشائەڵڵا ڕێی گومان پێ بردنیان لێدەبڕین.

**پەیام** : کاکە زۆر مەلعونن! ڕەنگە ئافرەتەکانیش بپشکنن، دەبا جارێ بگەینە سەر ڕێگاکە، بزانین هەڤاڵ (ئازاد) چی پێیە دەربارەی سەیتەرەکە، چی دەزانی؟

**باهیر** : کاکە ئازاد، ئەم کاتەت باش، ئەرێ هەواڵی توندوتیژی سەیتەرەکە چۆن بوو؟

**ئازاد** : مام ناوەندی بوو، هەروا دەبێ.

**هیوا** : کاك ئازاد هەندێ بلاۆکراوەمان پێیە لەبەر سەیتەرەکە چۆنی بشارینەوە ؟

**ئازاد** : بیانده دەستم؟

**پەیام** : من دەیانخە با خەڵم...!

**ئازاد** : نا... بابە، نا... لە لایەکی دەرگاکەی دەشارمەوە، (وەریاندەگرێ و لەنێو لادەرگایەکدا تەقەتیان دەکات).

# سکێچی پێنجەم

## خاڵی پشکنین

**ئەمنێك** : (بەهێماکردنەوە) لادە ئەم لایە؟ لەگەڵ ئێوەم نییە؟

**باهیر** : کوڕینە، تۆ بلێی ئیخبارییەك نەکرابێ!؟

**هیوا** : ئەگەر دەزانن، خراپ تووش دەبین! با وردە وردە دوور کەوینەوە؟

**ئازاد** : هیچ مەترسن! ئەوانە ئەمە ئیشیانە! کەس بەکاری ئێمە نازانێ خۆتان شپرزە مەکەن.

**پەیام** : ڕاست دەکات، دەبا خۆمان نەشێوێنین؟

**(وردە وردە لێیان نزیك دەبنەوە)**

**سەربازێك** : وەرنە خوارەوە؟

**(دەست بەپشکنینی ترومبێلەکە دەکەن)**

سەرکەونەوە هەوییەکانتانم بدەنێ؟

**(هەوییەکانی خۆیان دەردێنین)**

یاڵڵا بڕۆن

**هیوا** : الحمدالله، نەجاتیمان بوو، وای ئەگەر دەرگای لای شوفێریان دەکردەوە! خوا عالیمە پیستەمان دەچووە دەباغ خانە!

**باهیر** : ئازاد، تۆ بەیانی بلاوکراوەکان بۆ دوکانی (هیوا) ببە؟

**ئازاد** : بەڵێ، باشە، بەلاّم دەبێ لەم جۆرە کارانەدا وریاو لەسەرخۆبین!!



# سکێچی شەشەم

## هامشۆکردن

**(هیوا ئەو نامەیە دەخوێنێتەوە کە بۆ ئەو هاتووە)**

برای بەڕێز- هەڤاڵی تێکۆشەر کاکە (هیوا)

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە.

پێویستە چوست و چالاك بن و پەیوەندیتان بە هەڤالانی تازە بکەنەوە، بۆ مەسەلەی چاپ و ڕۆنیۆش ئەوا خۆتان جێبەجێی بکەن، داوات کردووە ببێ بە پێشمەرگە؟! ئەوکارەی تۆ ئەنجامی دەدەی کاری پێشمەرگایەتییە! ئێمە بەبێ ڕێکخراوی ناوشار هیچمان پێناکرێت، مانەوەتان و دەست بەکاربوونتان لە ناو شاردا زۆر پێویستە، ئاگادارتانین. لەگەڵ باهیرو پەیامدا دەست بەکاربن، ئیتر خۆشیتانو هەر سەرکەوتووبن.

**(لە دەرگا دەدرێ)**

**باهیر** : ئێوارەت باش.

**هیوا** : گیانت باش، باشتر، قوربان ئەوە مامۆستا ئێمەی کردووە بە سەرپشك بۆ مەسەلەی چاپ و ڕۆنیو (دەست دەخاتە نێونانەکان و کاغەزەکە دەردێنێ)

**باهیر** : بەڕاستی شوێنێکی چاکە.

**هیوا** : هەرچەند ئاگاداری خۆمان بین هەرکەمە؟

**باهیر** : برا، من بۆ ئەوە هاتووم کە پێتان بڵێم، هەڤاڵ (ئارەزوو)ش کارەکانی خۆی وەکو پێویست هەمووی تەواو کردووە.

**هیوا** : بەر لەوەی قسە بکەی شتێك هەیە حەزدەکەم پێتی بڵێم ئەگەر ڕاتان لەسەرە؟

**باهیر** : فەرموو بزانم چییە؟

**هیوا** : من وای بە چاك دەزانم بۆ کاری ئەم شەومان شانەکانی (ئاکو)و (ئارام)یش ئاگاداربکەینەوە با ئەوانیش هەر ئەمشەو چەند نووسراوێك بڵاوبکەنەوەو چەند دروشمێك لەملاو لەولا بنووسن، چونکە ماوەیەکە چالاکی لە ناو شاردا نەماوەو ڕژێمیش دەمێکە هیچی نەدیوەو شاریش کشو ماتە، بۆیە ئەگەر بەیەکەوە ئەم کارە ئەنجام بدەین شتێکی باشە!

**باهیر** : منیش لەگەڵ ڕاکەی تۆمەو بە پەسەندی دەزانم.

**هیوا** : خۆتان دەزانن کە دوو ڕۆژماوە بۆ یادی ساڵڕۆژی خەباتی چەکداریمان، جا ئەگەر چەند دروشمێك بەم بۆنەیەوە هەبێ خراپ نییە! دروشمێك کە گیانی بەرگەو داکۆکی کردن بخاتە بەر ئەو مرۆڤانەی بۆ هەتاو دەچن.

**باهیر** : بەڕاستی لە جێی خۆیەتی! دەبوایە من وەبیرت بێنمەوە...

**هیوا** : ها، ئەوە هەندێ لەو دروشمانە، لە ڕێگا دابەشی بکەو ئەگەر خۆشت شتێکت هەیە، باشتریش وایە، کە لەو شوێنانە دوورکەونەوە کە ئێمەی دەچێنی خۆتان باش ئامادەکەن و گورج و گۆڵ و وریابن، ئەوانەی بۆ هەتاو دەچن دەبێ بەرگەی سەرماو ئازاربگرن.



**باهیر** : زۆرچاکە، دەبا بزانین (ئارەزوو)خان چی کردۆتەوە؟ چونکە خزمێکیان هەیە، کە بەژنان لەگەڵ پاسەوانی دائیرەکە تێکەڵن، پێموایە هەر لەم ڕێگایەوە دەتوانێ ڕازی بکات! بۆ خۆشی پاسەوانەکە، کۆنە پێشمەرگەیە!

**هیوا** : دەزانم جێی متمانەو بڕوایە، بەڵام پیاو دەترسێ بمانفرۆشێ؟!

**باهیر** : نەخێر پێموابێ لەوان نییە، جێی متمانەیە.

**هیوا** : بەچی دەزانی؟ ئەم بڕوا پێکردنەت چۆن پەیدا کردووە؟! دەزانم تفەنگی ئەو خاڵییە بەڵام...

**باهیر** : (ئارەزوو) زۆر ژیرو وریایەو جێ بڕواپێکردنمەو دابینی ڕووداوەکانی کردووەو ڕێی ڕزگارکردنیشی بۆ پاسەوانەکە دابین کردووە!

**هیوا** : باهیر، خۆت دەزانی ئەمە سەرەتای کاری ئێمەیە، دەبێ زۆر وردبین و وریابین و سەرەتامان بەهێزبێت هەر شکستییەك، شکستییە بۆ هەموو لایەك.

**باهیر** : پشتمان بە مرۆڤی دڵسۆز ئەستوورە، هیچ نابێ ئینشاڵڵا، ئەوا هەڤاڵ (فەریدوون)یشم تێگەیاندووە سەرێکم لێ بدا، تۆش سەعات سێ لەسەر وادەی خۆت بەخۆو بە(لادە) کەت وەرە، ئەوسا پێت دەڵێم چی بکەین.

**هیوا** : من هەمیشە ئامادەم، دڵنیاش بن کە (ئاکو)و (ئارام)یش لەهەمان کاتدا ئامادەبن.

**هیوا** : زۆرچاکە، ئێستاکە من ڕۆیشتم، خواحافیز.

**هیوا** : کە بەیەك گەیشتین، دوا بڕیار دەدەین خوات لەگەڵ.

# سکێجی حەوتەم

## سەرەتای تەقینەوە

**هیوا** : بڕیاری ئێمە چۆنە؟

**باهیر** : هیچ گۆڕانێکی تێدا نییە.

**(هیوا چەند کارتونێکی سابوون دەخاتە بەردەست)**

**هیوا** : کاك (ئارام) ئەم کارتۆنە هی تۆیە لەگەڵ (ئاکۆ) دابەشی بکە.

**(سەری کارتۆن هەڵدەدەنەوە– قوتی بۆیاغی تێدایە).**

**ئارام** : بەپێی بڕیار کارەکانمان بەجوانی ڕادەپەڕێنین، دەچمە هەمان ئەو شوێنانەی کە بۆم دیاری کراوە.

**باهیر** : زۆر چاکە.

**هیوا** : لە هەموو شتێ زیاتر وریایی‌و ئاگا لەخۆ بوونە، چونکە ئێوە تەنیا مولکی خۆتان نین و بەس!

**ئاکۆ** : هەڵبەتە، دڵنیاین... دەبێ وریابین و کاتەکەی ناسکە!

**باهیر** : قوربانتان بم دار و دیوار لە رژێم پڕکەن، رژێم ئەنفالی بۆ چووە سەر... گوندەکانی وێرانکردین، پێشمەرگە دوور کەوتوونەتەوە، خەیاڵی خاوە ناتوانێ



بیروباوەڕی کوردایەتی ئەنفال بکات، دەبێ ئەم چالاکییەمان دەنگۆیەکی ئەوتۆی هەبێت چۆکیان بشکێنێ و زەندەقیان ببات و هەموو بیرۆکە بۆگەنەکانیان پووچەڵ کاتەوەو واسەریان لێ بشێوینین بە ئاسانی نەیەنەوە سەرەخۆ، ئەوجا لە چاوی منتان کەوێ!

ئارام (**روو لە باهیر دەکات**) کارێکی ترمان نەماوە، کاکە (ئاکۆ) من و تۆش لەسەر وادەکەی خۆمانین.

**هیوا** : بڕیارەو داومانەو، تەواو شتێکی کەمان نییە.

# سکێچی هەشتەم

## (پلانی کار)

**(شەو هەرشانەو لەو جێگەی بۆی نیشانکرابوو لەسەر پلان کەوتنە جموجۆڵ)**

**(باهیر و فەرەیدوون، هیواش (لادە)کەی لێدەخوڕی بەرەو شوێنی مەبەست دەچوون)**

**فەرەیدون:** کاك هیوا تۆ ترۆمبێلەکەت تۆزێ لە دووری دەرگاکە راگرەو حەقی منتان نەبێت.

**باهیر** : (رووی قسەی لە هیوا دەکات) منو تۆ بە هۆی سولاوکە ئاسنەکەوە سەردەکەوین، لەوێشەوە دادەبەزینە ناو دایرەکە، پاسەوانەکە چاوە رێمانە، وەکو چۆن رێك کەوتینە ئاوا، بەگاڵتە تۆزێك لە پاسەوانەکە هەڵدەدەین بە مەرجێك ئاسەواری لێدانەکەی پێوەدیاربێت، وەکو چۆن لەسەری رێکەوتبووین ئاوا توند دەیبەستینەوەو لە دەرگاکەوە بەخۆمان و تابیعەو رۆنیۆکە بۆی دەردەچین و ئومێد دەکەم بەسەلامەتیش بگەینە (فەرەیدون).

(لەلایەکی کەی شاردا هەموویان دەگەنە شوێنی مەبەست خەریکی نووسینەوەی دروشمان دەبن).

- یادی ساڵرۆژی خەباتی چەکداری، هاندرێکە بۆ خەباتی بەردەوام.
- بژی برایەتی و تەبایی نێو گەلی کورد.
- بژی کورد و کوردستان.

هێزی پێشمەرگە هێزی میللەتە.



**(هەموو قۆڵەکان خەریکی دروشمی خۆیان بوون- رێژنە تەقەك بیسترا)**

**ئاکۆ** : کوڕینە من پێکرام، ئاخ... ((بە برینداری ڕادەکاتو لە دەرگایەك دەدا)) خۆمانین بیکەوە... فریام کەون بریندارم.

**خاوەن ماڵ (شێرکۆ):** شپرزە مەبە، وەرە ژوورەوە (وەژووری دەنێن) دڵنیای دەکەن، کە هەر ئێستاکە دکتۆری بۆ دێنێ، یەکسەر بەرێدەکەوێ، شێرکۆ لەبەر خۆیەوە دەڵێ: پێویستە یارمەتییەکی چاکی بدەین، چونکە لەرێی شەرەف و لەرێی ئێمەوە وای بەسەرهاتووە... دەگاتە ماڵی دکتۆر بەدەم لە دەرگادانەوە... ئەم دەرگایە بکەنەوە (یەکسەر وەژوور دەکەوێ)، دکتۆر گیان بریندارێکمان هەیە ئەگەر تۆزێ بەخێرایی هیمەتێکت کردبوایە باش بوو...

**دکتۆر** : بەسەرچاو، باکەل و پەلەکانم بخەمە ناو جانتاکەم و دەڕۆین (تۆزێ خەریك دەبێتو...)

**شێرکۆ** : سوپاست دەکەم، بەڕاستی کارێکی مرۆڤانەو نیشتمان پەروەرانەیە.

**دکتۆر** : ئەمە ئەرکە ئەرك کاکە شێرکۆ، پێویستە ئێمە لە ئاستی ئەم جۆرە ئەرکانەدابین، ماڵی منیش هەمووی هەر هی ئێوەیەو ماڵی هەموانە... ئەگەر دەزانی نارحەتن وەرنە ماڵەکەی ئێمە، کەس شکی بۆ ناچێ...

**شێرکۆ** : سوپاس دکتۆرگیان- ئەگەر وای پێویست کرد ئەوا دەیهێنم!

**دکتۆر** : هەتا لێرەش بێت ئەوا سەری لێ نابڕم و سەردانی هەردەکەم.

**ئاکۆ** : دکتۆرگیان زۆر سوپاست دەکەم، ئەم چاکەیەی تۆ فەرامۆش ناکرێت.

**شێرکۆ** : دکتۆر سەبرکە خۆم دەتگەیەنم.

**دکتۆر** : سوپاست دەکەم، لای (ئاکۆ) بە چاکترە، ئەزیەتی ناوێت.

**شێرکۆ** : من حەزدەکەم بەپێ نەڕۆیت.

**دکتۆر** : ئارەزووی خۆتانە، فەرموو بابڕۆین؟

# سكێجی نۆیەم

## حەسانەوە

**باهیر** : بەڕاستی چالاكییەكەمان رژێمی هێناوەتە هەژان و سەر لێشواندن، لەكاتێكدا كە رژێم لەهەموو راوبۆچوونەكانیاندا وایاندەزانی كە پێشمەرگە نەماوەو تەنزیمی شاریش هەروەها.

**هیوا** : چاكی دەنگداوەتەوە، بەعسییەكانی كووڕ كردیتەوە، ئەوانەی خۆشمان وەكو گوڵ گەشاونەتەوە، بەعسییەكان وایان لە خەڵك گەیاندبوو پێشمەرگە تەواو، كاتێ لەبن قونیان تەقییەوە بەخۆشیان رانەگەیشتن، سوپاسی خوای دەوێ، بەهەرحاڵ (ئاكۆ)ش سەلامەتە، سەرم لێیداوەو شوێنەكەشی زۆرچاكە، خزمەتێكی چاكیان كردووە لە بیر ناكرێ.

**باهیر** : كاكە، لە رۆژی خۆیدا كورد هەر كوردە. دەزانی شتێكیش هەیە با پێتی بڵێم!؟

**هیوا** : فەرموو

**باهیر** : سەرەوە داوای لێمان كردووە ئەو كادیرانەی كە لە ناو شارماون دەبێ بەهەر رێگەیەك و بەزووترین كات بەرەو (شەقلاوە) یان ببەین.



**هیوا** : دەبێ بیر لە رێگایەكی مسۆگەر بكەینەوە، چونكە ئێستا پیاوەكانی رژێم تیژكراونەتەوەو وەكو سەگی هاریان لێهاتووە. لە پێشدا دەبێ ئاگاداركرێنەوە هەردەمەكی گوتمان یاڵڵا یاڵڵا.

**باهیر** : زۆرچاكە هەر دەبێ واشبێ

**(زەنگی تەلەفۆن لێدەدرێت)**

**هیوا** : بەڵێ فەرموو، سەرچاو... نەخێر، چۆۆن!!، ئەی بەداخەوە، بیبەینەوە... باشە... باش... خوداحافیز.

**باهیر** : ها، كاك هیوا خێرە!؟ چی بووە؟

**هیوا** : مام عەولای خزمم لە نەخۆشخانەدا مردووە، دەبێ جەنازەكەی بەرینەوە شەقلاوە.

**باهیر** : زۆرچاكە، دووشەشمان بۆ هاتووە، خوا لەویش خۆشبێ، هەلێكی چاكە، جەنازە دەبەینەوەو كادیرانیشمان دەگەیەنین، كاتێكی چاك مردووە... ئەمەش هەر كوردایەتییە.

**هیوا** : منیش دەڵێم ئەمە هەلێكی چاكەو بەزێڕ دەكڕێت، دەك خوا لێت خۆشبێ مام عەولا... كارەكەت ئاسان كردین.

# سکێچی دەیەم

## سەردان

**هیوا** : باشە ئەو پارەو یارمەتیانەش دەبێ بەزووترین کات لەگەڵ خۆماندا ببەین! (تۆزێ بیردەکاتەوە) دەی، موشکیلە نییە.

**ئارام** : چۆن!؟

**هیوا** : کە پێی تایەکانی ترومبێلەکە پڕی پارەو... شت دەکەین ئەوەیش کەمایەوە لە گیرفانی خۆمانی دادەنێین! هەندێ خواردن و خۆراکیش لەگەڵ خۆماندا بەناوی سەفرەوە هەڵدەگرین هەتا لە سەیتەرەکان گومانمان لێنەکەن. (**بەڕێدەکەون... خۆشی خۆشیانەکە لە سەیتەرە دەربازبوونە... وەختی لە ڕێگاکە شۆڕدەبنەوە کۆمەڵە چەکدارێك رایاندەگرن**).

**چەکداری یەکەم**: بۆ کوێ دەچن؟

**هیوا** : وەڵڵا دەچینە مانگێش!

**چەکداری یەکەم**: چ کارێکتان هەیە لەوێ؟

**هیوا** : وەڵڵا هیچ، هەر بۆ سەفرەو وەخت رابواردن!

**چەکداری یەکەم**: بێ زەحمەت هەوییەکانتانمان نادەنێ؟

**چەکداری دووەم**: یەکسەر دەڵێ، کاکە ئێمە پێشمەرگەین، یارمەتی ڕێبواران دەدەین.

**چەکداری یەکەم**: باشە، دەچنە لای کامە حزب، ئێمە دەتانگەیەنین!

**باهیر** : قوربان ئێمە بۆ سەفرە هاتووین



**چەکدار** : وەرنەخوارەوە، دابەزن، ئەم هەموو شتە چییە؟
گۆشت، سەمون، خەیار و تەماتەو...

**هیوا** : کاکە سەفرە بێ خواردن دەبێت!

**چەکدار** : ئەدی ئەم شریتانە چین؟

**هیوا** : کاکی برا ئەمە پڕی بازاڕەکانی هەولێرە، هێناومانە ئەگەر پارە بکات، بیانفرۆشین.

**چەکدار** : حەزدەکەین راستیمان پێ بڵێن، ئەگەر نا لە ئێستا زووتر نییە بەرەو ئیستخبارات!!

**باهیر** : قوربان وابزانم هیچ خەتامان نییە، مەگەر سەفرەو شت کڕین و فرۆشتن قەدەغەیە؟!

**چەکدار** : قسەی راست بکەن باشترە (کەسیان وەڵاّم نادەنەوە)، (ئیدی گومانیان لێدەکەن و چەکدارەکە) دەڵێ هۆو کوڕینە وەرە منو تۆ لەگەڵ شوفێر و ئەو کوڕەی بە ترومبێل، دەڕۆین، تۆش لەگەڵ ئەم دوانەدا بەرەو بارەگا یاڵڵا دەی زووبە.

**هیوا** : (خۆی بەردەداتەوە) ئای بابە قاچم...
(باهیر ڕادەکاتە لای و هیوا بە هێواشی پێی دەڵێ:) بەخوای تووش بووین، لە ڕێگادا لەگەڵ من خۆت فڕێدە خوارەوە).

**چەکدار** : (ڕووی لە شوفێرەکەیە) بە تووڕەیی دەڵێ: ئەم ڕێیە بگرە.

**هیوا** : ئەوە بۆ کوێمان دەبەن؟!

**چەکدار** : بۆ بارەگای ئیستخبارات... (دیسان ڕوو لە شوفێر دەکاو دەڵێ) لەسەرخۆ برۆ- خێرا لێ مەخۆرە! (لە ناکاو ڕووی ترۆمبێلەکە بەرەو زۆنگاوێك دەبات و...).

**هیوا** : دەردەپەڕێ و زۆر بە شپرزەیی ڕوو لە باهیر دەکات (وەرە دوام).

**باهیر** : بۆ کوێ؟!

**هیوا** : وەختی نییە، با خۆمان بگەیەنینە نێو ئەم دارستانە چڕە!

**باهیر** : کارێکی باشمان نەکرد! ئیشەکەمان لە خۆ گەورەکرد! ئاخر بەو نەشارەزاییەوە بۆ کوێ بچین؟

**هیوا** : دڵ لە دڵ مەدە، خواکەریمە، ئێستا بەرەو ئەو چیایە دەچین.

**باهیر** : کاکە هیوا، من دڵنیام دەگیرێیننەوە! باشە ئەگەر دووبارە گیراینەوە! چی بڵێین باشە!؟

**هیوا** : گوتم دڵ لە دڵ مەدە، ناگیرێینەوە

**باهیر** : وامان دانا گیراینەوە

**هیوا** : دەڵێین ترساینو گوتمان دەمانکوژن و هەڵاتین!!

**باهیر** : بێنە با ئەو کلاشینکۆفە لای من بێت، بێ فایدەیە ئەو رووبارە زۆر قوولە پەڕینەوەی زەحمەتە!

**هیوا** : با بۆ لای ئەو تاشە بەردە بچین! رەنگە بوارێکمان بۆ بڕەخسێنن بۆ پەڕینەوە، کلاشینکۆفەکەت بخەسەر مفرد.

**باهیر** : چی بکەین؟

**هیوا** : یەك دووەکان دەکوژین، ئینجا با ئێمەش بکوژرێین.

**باهیر** : من بەوە دەڵێم شەڕی خۆتڕێن، بەمەخزەنە کلاشینکوفێك هیچ ناکرێت.

**هیوا** : تۆ بێدە دەست برات...

**باهیر** : ئێ باوکم تۆ بۆ ئەو تەقەیەت کرد، ئەوە ئاشکرابووین باشە؟

**هیوا** : ئاخر...

**باهیر** : ئاخر و ماخری پێناوێ، هیچمان پێناکرێ، ئەگەر گوتیان بۆ تەقەتان کرد، دەبێ بڵێین، بۆ ئێوەمان نەکردووە، لە برسان خەریکی ڕاوە کەروێشك بووین.

**هیوا** : تۆ هەستە، کەڵکی بڕاو کار لەکار ترازا.

**چەکدارەکان**: نەجوڵێنەوە- لە جێی خۆتان بوەستن، سەگبابینە، ئەو دەتانویست هاوەڵەکانی ئێمە بخنکێنن!



**(یەکسەر قۆڵ بەستیان دەکەن و بەرەو مەقەر دەیانبەن)** لە رێگادا سێ چوار کۆڵەمستیان لێدەدەن.

**(لەمەقەری ئیستخبارات لێدانەکی باش بۆ هەر چواریان دەکرێ و پاشان کابرایەکی ئیستخبارات دێت).**

**کابرای ئیستخبارات**: رووی قسە لە هیوا دەکاتو دەڵێ، ناوت چییە؟

ناوم هیوا عەبدوڵڵایە.

**کابرای ئیستخبارات**: لە کوێ دادەنیشی؟

**هیوا** : هەولێر گەڕەکی سەیداوە

**کابرای ئیستخبارات**: چ کار دەکەیت؟

کاسبکارم

**کابرای ئیستخبارات**: بێ ئەم لاو ئەولا، نەخۆت ئازار بدە نەئێمە لە کوێ بوویت؟ ویستت چی بکەیت، بۆ راتان کرد.

**هیوا** : وەڵڵا هاتین چەند شتێك بکڕین و لە هەولێر بیفرۆشین.

**کابرای ئیستخبارات**: بۆ؟ لە هەولێر شت نییە، حکوومەت ناتانداتێ؟ هەمووشت هەیە راست ناکەیت، بڵێ بزانم بۆ راتان کرد؟

**هیوا** : ترساین و گوتمان حەتمەن دەمانکوژن!

**کابرای ئیستخبارات**: بەپێچەوانەوە جەنابت دەتویست ئەوان بکوژیت! بڵێ بزانم بۆ لای کامە حزب دەچووی، لەگەڵ کێ پەیوەندیتان هەیە؟

**هیوا** : بڕوابکە بۆ لای هیچ کەسێ نەدەچووین و پەیوەندیشمان بە کەسەوە نییەو هەر ناشیان ناسین؟

**(دووسێ راشدی باشی لێدەدەن)**

**کابرای ئیستخبارات**: دەبینی، بزانە چۆن فێرە قسەکردنت دەکەم (وەرن بیبەن، حەمامێکی باشی بۆ بکەن؟) باهیر بێنن؟

**کابرای ئیستخبارات**: تۆ ناوت (باهیر کەریم سوارە)یە

**باهیر** : بەڵێ.

**کابرای ئیستخبارات**: ئیش و کارت چییە؟ لەکوێ دادەنیشی؟

**باهیر** : کاسبکارم، لە هەولێر لە گەڕەکی تەیراوە دادەنیشم.

**کابرای ئیستخبارات**: پەیوەندیت لەگەڵ هیوادا چۆنە.

**باهیر** : پێکەوە شتی دەکڕین و دەفرۆشینەوە.

**کابرای ئیستخبارات**: دەتویست بچیتە دەرەوە، ها؟

**باهیر** : نەخێر، دەمانویست شت بکڕین.

**کابرای ئیستخبارات**: ها، یانی ئێوە لە حکوومەت رازی نین، دژی حکوومەتن، ها؟

**باهیر** : نەخێر، قوربان مەبەستم ئەوەنییە، ئێمە کاسبکارین و شت دەکڕین و دەفرۆشینەوە!

**کابرای ئیستخبارات**: بۆ لەگەڵ هیوا راتان کرد؟

**باهیر** : لەوە ترساین بمانکوژن

**کابرای ئیستخبارات**: کێت لەگەڵ موخەڕیبەکانە؟

**باهیر** : کەسم لەگەڵیان نییە.

**کابرای ئیستخبارات**: پیاو بەو راست بڵێ، بەس درۆمەکە، یارمەتیت دەدەم...

(وەرن بیبەنە لای هیوا)، بانگی (ئاکۆ) دەکرێو پاشان هەر چواریان دەنێرنە بارەگای ئیستخباراتی شاری (دهۆك).



## سکێچی دەیەم

### بارەگای ئیستخبارات

**بەڕێوەبەری ئیستخبارات**: بەیانی باش (ابومیسون) ئەوا چار موخەڕیبیان هێناوە کە لە سەیتەرە گرتویانن، بیرێکی جەهەننەمیم هەیە بۆیان، دەمەوێ بە ماشێنی سەربازی بە ناوشاریاندا بگێڕم بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە واتێبگەن، کە ئێمە شەورۆژ لە خەمی حەسانەوەی ئەواندایین. دوو چۆلەکە بە بەردێك دەکوژین! پاشانیش هەرچی دزیو جەردەیی کە لە شاردا روویداوە ئەوا بەسەر ملیان دادەدەین و بەتەواوی بۆ خەڵکی دەسەلمێنین، کە ئێمە دەتوانین هەموو تاوانبارێك بگرین و لەهەمانکاتدا لای گەورەکانی خۆشمان سەری خۆمان بەرز دەکەینەوە! پاشان بۆ لای جەنابتیان ڕەوانە دەکەم، خۆشت وەستای و دەزانی چۆن تیماریان دەکەی! (دوایی سەربازێك بانگ دەکات و ئەمر دەکا بە ناو بازاڕیان دابگێڕن و بە سەماعەیەکی گەورەش بۆ خەڵکی بانگ راهێڵن گوایە ئەوانە دەستەیەك لە دز و جەردەو پیاوکوژن کە گرتومانن.

**سەربازەکە** : بەڵێ گەورەم.

## سكێچی یازدەهەم

### بەناوشاردا گەڕاندنیان

**دەنگی موکەبیرە:** هاووڵاتیانی بەڕێز ئەو چوار تاوانبارە ئەوانەن کە دەیان دزی و پیاوکوژی و خراپەکاریان لە ناو ئەم شارەدا ئەنجام داوە، خەڵکی بێ تاوانیان کوشتووەو ئاسایشی ناوشاریان شێواندووە. دوای هەوڵدانێکی بێ وچانی دڵسۆزانی میللەت توانیان دەستگیریان بکەین بۆ ئەوەی بەسزای ڕەوای خۆیان بگەن.

**هیوا** : (لەبەرەخۆوە) ئێمە لەکوێ و دزی و پیاوکوشتن لەکوێ، (پاشان دەیانبەنەوە بەڕێوەبەرایەتی ئەمن).

**باهیر** : (لە ناو دایەرەی ئەمن) کوڕە ئێرە گەلێك باشترە لە ڕەزیل کردنی نێو شەقامەکان.

**هیوا** : چی بکەین، چارەمان چییە، ئەوە چارەنووسی زۆربەی مرۆڤی شۆڕشگێڕە، ئەگەر بڕوامان هەبێ و خۆمان بە شۆڕشگێڕ بزانین دەبێ بیر لەم جۆرە چارەنووسانەش بکەینەوە.

**ئاکۆ** : ڕاستدەکەی، وایە...



## سكێچی دوازدەهەم

### لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان

(لەو ڕۆژەوەی ئەم چوارە گیرابوون خورادنێکی ئەوتۆیان نەدرابوێ)

**لێپرسراوی ئەمن:** برسیتانە وانییە، تینوتانە... ئیعتراف بکەن هەموو شتێك ئاسانە، تێردەخۆن، تێردەنون، بەسەلامەتی دەردەچنو بەرەڵڵا دەکرێن! ئەگەرنا ئیعدام کردن مسۆگەرە! دەش بینن!

(کەسیان قسەناکەن) کابرای لێپرسراوی ئەمن ئەمر دەکات ئەوسێ کەسەیان ببەن، چونکە ڕەحم بەخۆیان و کەس وکاریاندا ناکەن. تۆ (هیوا) هێشتاکە مێردمنداڵی و دنیات نەدیوە. ئیعتراف بکەو خۆت لەوانە مەبەستەوە.

**هیوا** : هیچم نییە ئاخر لەسەرچی ئیعتراف بکەم، ئێمە هەژارو کاسبکارین و بەس.

**لێپرسراوی ئەمن:** لەسەرخۆت قسەبکە؟ هەقت بەکەسی تر نەبێت!

**هیوا** : هاتووین شت و مەك بکڕین و بیانفرۆشینەوە.

**لێپرسراوی ئەمن:** هەمان قەوانی لێدایەوە، ئایا دەزانی لەو ڕووداوانەی کە لەم دواییەدا لە هەولێر ڕوویداوە تۆی لێی بەرپرسیاری؟ ئێستاش هەر بۆ تەخریبات هاتوون، باشیش دەزانین کە هاتوون پەیوەندی بە ئەوانی ئێرەوە بکەن ها...

**هیوا** : هیچ پەیوەندی یەکم بەوشتانەوە نییە، کە لە هەولێر ڕوویداوەو (کەسیش لێرە ناناسم پەیوەندی چی!!)

**لێپرسراوی ئەمن**: بەڵێ، چاك پەیوەندیت نییە!! ئێمە هەمووشتێك دەزانین، ئەوجا ئەگەر ئیعتراف بکەیو راستیمان پێ بڵێیت کە لە کامە حزب ئیش دەکەی و پەیوەندیت بەکێوە هەیە؟ ئەوە تەبرییە دەبی و بەرەڵلات دەکەین، ماشەللا تازەگەنجیو ئەوەل عومرتەو ئایندەیەکی درێژت لەبەردەمەو ئێمەش یارمەتییەکی باشت بەپارەو پول و وەکالەتو... دەدەینێ...

**هیوا** : بەخودای کەس ناناسم، پەیوەندیشم بە کەسەوە نییە هەر بۆ شت کڕین و فرۆشتنەوەش هاتوومەتە ئێرە.

**لێپرسراوی ئەمن**: دیارە قسەی باش لەگەڵ تۆ فایدەی نییەو هەر عەکسی و عینادی دەکەیت.

**(بانگی یەکێك دەکات و دەڵێ)**

بیبەن باش بیکوتنەوەو باگوردانی لەسەر بگێڕن هەتا ئیعتراف دەکا، ئەگەر ئیعترافی نەکرد بیبەن، لەگەڵ ئەوانی تردا ئیعدامی کەن!

ئەوەی ترم بۆ بینن؟

**(باهیر دێتە ژوورەوە)**

## سكێجی سێزدەهەم

### باهیر

**لێپرسراوی ئەمن**: چییە ئێرە و ولاٚتێکی تـرە، شـت هــەرزانترە؟ تـۆ پەیوەنـدیت چییە بە (هیوا)وە.

**باهیر** : تەنیا پەیوەندیمان مەسەلەی کارکردن پێکەوەو، کـڕینو فرۆشـتنی شـت و مەك دەكەین.

**لێپرسراوی ئەمن**: ئێمە دەزانین تۆ بۆ ئەوە هاتووی هــەتا تــەخریبات بکــەیت و لێرەش پەیوەندی بە جەماعەتەکەتانەوە بکەن.

**باهیر** : تەخریباتی چی، بەخوا چ جەماعەتم هەیە، کەسیش لێرە ناناسم.

**(چەند شەپازلـلـەیەکی لـە بناگوێی دەدەن)**

**لێپرسراوی ئەمن**: بۆ قسەناکەیت سەگی پیس، وادەزانی ئاگامان لە هیچ نییە؟

**باهیر** : هیچم بەخۆشك نایێ...

**(لـێپرسراوی ئەمنەکە هێمایەك دەكات و (باهیر) دەبەنە دەرەوە)**

(**ئاكۆ و ئارام دەهێننە ژوورەوە**) بەهەمان شـێوە تحقیـق دەكـرێنو دەیانبەنـەوە دەرەوە.

## سکێچی چواردەهەم

### مەرگ و خولیا

شوێن: (**گۆڕەپانێك– چوارکەسی دیل و یەخسیر، توند لەدار بەسترابنەوە...**)

**دەنگ** : پاسەوانەکان، شوێنی خۆتان بگرن:

**لێپرسراوی ئەمن**: هیوا ئیعتراف بکە، ئەوە دواساتی ژیانتە، ئەگەر ئیعتراف نەکەی، ئێستا رەمی دەکرێی.

**هیوا** : مردن باشترە لەم جۆرە ژیانە پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەیە.

**لێپرسراوی ئەمن**: وەکو برادەرەکانت ئیعتراف بکەو خۆت رزگارکە...

**هیوا** : ئاخر هیچم نییە؟!

**دەنگ** : پاسەوانەکان ئامادەبن... دەی رەمی بکەن...

(**لەگەڵ یەکەم رێژنەدا (هیوا) هەستی بە چەخماخەی برین و ئازارو بازرقەی نێوشانی دەکا**)

**هیوا** : دەبێ ئەمەبێ مردن، دەبێ ئەمەبێ رۆحە پاکەکەم کە خەریکە جەستەی بێ تاوانم جێدەهێڵێتو دەچێتە باوەشی نەمری و بە رۆحی شەهیدانی دیکەوە شاد دەبێت! ئاخ... ئاخ... و وڵاتەکەم... رۆحی خۆم بینی، دڵنیاشم ئازادی و وڵاتەکەمی لە دواوەیە، برینەکانی قوول بوون، بەڵام نەمرد...

# سکێچی پازدەهەم

## ناو بەندیخانە

**باهیر** : ئەرێ دەبێ ئەمجارە بۆ کوێمان ببەن.

**هیوا** : من هەموو لەشم برینەو دەزانم لێتان دادەبڕێم، رەنگە بمرم... بۆیە بیر لەوشتانە هەرناکەمەوە.

**ئاکۆ** : بەرەو هەر شوێنێ بێ، تازە رزگاربوونمان بۆ نییە! خۆڕاگریشین تادواهەناسە...

**ئارام** : هەی ئافەرین، بەڕاستی تۆ لە مردن بەهێزتری؟

**ئاکۆ** : خۆ ئەگەر نەجاتیشمان بوو، چاوی ئەو بێ ویژدانانەمان لێ بزردەبێت!!

## سكێچی شازدەهەم

### دایەرەی ئەمنی هەولێر

### (دوای سێ رۆژ بەرەو ئەمنی هەولێریان کردنەوە)

**سیخوڕێك** : گەورەم چوار موخەڕیبەکەیان هێنایەوە.

**بەڕێوەبەری ئەمن**: هەموو رێگایەکیان لەگەڵدا بەکاربێنن، هەموو توانابخەنە کار، دیارە ئیعتراف ناکەن، بیان سووتێنن، قیڕیان دەربێنن...

**سیخوڕ** : ئەمر دەفەرمووی گەورەم (هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەك)

**سیخوڕ** : باهیر عەقڵی بێنەوە کەللەت، قسەی راست بکە... کوڕە هێشتاگەنجی، ئیعتراف بکەو بەکەفالەت بەرت دەدەین بەس ئەوەندەمان پێ بڵێ بۆچی چووبوون بۆ دەهۆك لەگەڵ کام حزبی.

**باهیر** : پەیوەندیم بەهیچ حزبێکەوە نییە، چووین شت و مەك بکڕین و بیفرۆشینەوە...

**سیخوڕ** : کێتان لەگەڵ موخەڕبینە؟ یا لە دەرەوەی ولاتە.

**باهیر** : هیچ کەسمان نییە.

**سیخور** : ئەگەر ئیعتراف نەکەی مردن بەچاوی خۆت دەبینی...



**باهیر** : ئەوە سێ مانگە ئیعتراف دەکەم کە من هیچ نیم...

**سیخور** : درۆدەکەی وەك سەگ...! هیوام بۆ بێنن (جگەرەیەکی پێشکەش دەکات، دەیلاوێنتەوە...) ها، هیوا بەرەڵلات دەکەین بەکەفالەت... دەزانی چۆن؟ تەنیا پێمان بڵێ لەگەڵ کامە حزب دایت؟ لێپرسراوەکەت کێیە... بەشەرف بەرت دەدەم.

**هیوا** : کەس- من حزبی نیم.

**سیخور** : کێ پێی گوتن ئەم شیعارانە بنووسن.

**هیوا**: کەس- من نەمنوسیوە... نازانم...

**سیخور** : ئایا دەزانی عینادی کردن سوودی نییەو شەفاعەتتان بۆ ناکات... لە کۆتاییشدا ئیعدام دەکرێی... هێمایەك دەکاتو دەڵێ (وەرن بیبەن...)

## سکێچی هەڤدەهەم

### قاوشی خەستەخانە

### (دوای فەحسکردنیان)

**دکتۆر** : دەبێ لە خەستەخانە بمێننەوە

**سیخوڕ** : باخەبەر بدەم بەدایەرەی ئەمن...

**بەڕێوەبەر**: باپەلە بکەین بۆ چارەسەرکردنیان...

**دکتۆر** : ئەوە ئیشی منە برا...

**سیخور** : (رووی قسەی لە سیخوری دووەمە) تۆ پاسەوانی ئەم قاوشەبەو دەرگایان لەسەر قفل دە...

**دکتۆر** : نیشانم مەدە، دەزانم... دەزانم... برینەکەت هیچ نییە، چارەی دەکرێ... پێت بڵێم (سەری لە بن گوێی باهیر دەنێ)

(راپەڕین روویداوە لە ڕانیەو... جەماعەتیش دابەزیون بۆ ناوشارەکان... هەوڵ دەدەم لەم رۆژانە دەرتان بێنم... دەمەوێ یارمەتیتان بدەم، هەوڵ دەدەم یەکێ لە دەرەوەش یارمەتیتان بدات، ئێستا دەستت لە گەچ دەگرم)

**باهیر** : خۆت باشتر دەزانی دکتۆر...



**دکتۆر** : بیرم لە شتێ کردۆتەوە

**باهیر** : دەڵێی دەتەوێ یارمەتیمان بدەی

**دکتۆر** : بەیانی دەتنێرم بۆ موختەبەر تا فحوصاتت بۆ بکەن.

**باهیر** : دکتۆر حەزدەکەم ئەو ناوە لەلای خۆت بنووسی (خوناو دەروێش عەبدوڵڵا) لە خەستەخانەی جمهوورییە، پێی بڵێ من لەلای (باهیر و هیوا)وە هاتووم...

**دکتۆر** : بەسەرچاو... دەمەوێ بەیانی دەرتان بێنم...

**باهیر** : بەڵێ... بەڵام تۆ خۆت بگەیەنە (خوناو) ئەویش دەچێتە لای جەماعات بۆ ئەوەی لەسەر رێی سایلۆ چاوەڕوانمان بکەن... تۆش بە ترۆمبێلەکەی خۆت بەلای سایلۆدا برۆ ئەگەر ئێمەیان بردەوە بۆ دایەرەی (ئەمن)...

**دکتۆر** : زۆرچاکە...

**(بەمجۆرە هەردووکیان رزگاریان دەبێ)**

# سکێجی هەژدەهەم

## سەرەتای راپەڕین

**پەیام** : هەڤاڵینە، مزگێنی... مزگێنی، بەیانی نۆرەی راپەڕینی شارە دێرینەکەی ئێمەیە... جەماوەر و حزبەکان ئامادەن، هەموو شتێ مشووری بۆ خوراوەو پلانی بۆ داندراوە.

**باهیر** : ئێستا چیمان ماوە بیکەین؟ و بۆ کوێ دەچین؟

**پەیام** : سەرێك لە هەڤاڵ (ئارەزوو) دەدەین و تا ئەویش لەلای خۆیەوە ئاگاداری هەڤالاّن بکاتەوەو ئامادەبن.

**جوامێر** : ئەوکابرا ئەمنەی کە لەگەڵ رزگارکردنی ئێوەدا گرتمان وای بەچاك دەزانم بۆ ئەوەی چیدی نەبێتەبارگرانی بەسەرمانەوەو تازەش هیچی لەدەست نایێ بابەرەڵلاّی بکەین.

**پەیام** : ئازادی کەن، ئەگەر ئێوەش راتان لەسەری هەیە.

**باهیر** : هەڤالاّن، خۆشحاڵم بەوەی کە بەیانی لەگەڵ راپەڕینی ئەم شارەدا ئێمەش دەورمان دەبێ... دەبێ گورج و گۆڵ و وریابین‌و ئیدی رۆژی دەستکردنەوەو پتەوکردنی ریزەکانی گەل‌و میللەتی ستەمدیدەیە...

**(راپەڕین دەست پێدەکات و شارەکان رزگار دەبن)**

ساڵی

**١٩٩٢**